گرنگی خوێندنەوە

و ئافاتەکانی نەخوێندنەوە

نوسینی: کاروان باوە عبدالله

گرنگی خوێندنەوە

و ئافاتەکانی نەخوێندنەوە

نوسینی: کاروان باوە عبدالله


بسم الله الرحمن الرحیم

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتوك: " گرنگی خوێندنەوە و ئافاتەکانی نەخوێندنەوە "

ئامادەکردنی: " کاروان باوە عبدالله "

نەخشەسازی بەرگ: " کارمەند عزیز "

نەخشەسازی ناوەوە: " کارمەند عزیز "

چاپکردن: " "

نۆرە و ساڵی چاپ: " چاپی یەکەم، ٢٠٢٢ "

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە « »ی ساڵی « »ی پێ دراوە.

سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین تەنها بو اللەیە خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، ئەوەی مرۆڤی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هانی ئێمەیان داوەو ئاراستەمانیان کردووە بۆ خێرو چاکە، سوپاسی ئەو مامۆستا بەڕێزانەم دەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان وشەیەکیان فێر کردووم، زۆر سوپاسی خانەوادەم دەکەم کە دایم هاوکار و پشتیوانم بوونە، کارئاسانیان کردووە بۆمان، زۆر زۆر سوپاسی کاک ئەندازیاری خۆشەویستمان کارمەند عزیز دەکەم خودا پاداشتی بەخێریان بداتەوە، بۆ دیزاین کردنی ئەم پارچە نووسینە، هەروەها زۆر سوپاسی هەردوو برای بەڕێزم کاک کارزان و مامۆستا سەربەست ئەحمەد دەکەم، کە ئەرکیان کێشاوە لە چاککردنی هەنێ هەڵەی تایپ و ڕێکخستنی نوسینەکە لە ڕووی ڕێزمانیەوە.

پێشکەشە بە ...

ئەم پارچە نووسینە پێشکەشە بە مامۆستای خۆشەویستم، نووری چاوم، پێشکەشە بە تاک تاکی موسڵمانان، بۆ ئەو گەنجەی لە دووی خۆی دەگەڕێ، بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت هۆشیار ببێتەوە، بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت لە ڕێگای خوێندنەوەوە بونیاتی کەسایەتی خۆی بنێت و هەوڵی چاک کردنی خۆی و کۆمەڵگا بدات.

بۆچی ئەم کتێبەم نووسی

بەناوی خودای زانا و کاربەجێ، دروستکەری زەوی و ڕاگری ئاسمان، درووود وسەڵات لەسەر گیانی پاکی سەروەری مرۆڤایەتی، محمد ﷺ، ولەسەر شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێک خۆی دەدۆزێتەوە، کاتێک خودا بەرچاوی ڕۆشن دەکات، کاتێک نوور و هیدایەتی خودایی دەچێتە دڵییەوە، ئەم مرۆڤە دەگەشێتەوە و زیندوو دەبێتەوەو ڕۆحێکی تازە دەچێتە بەری، ناتوانێت تام و چێژی ئەو ئیمانە بەزمان وەسف بکات، هەستێکی ناوازەی بۆ دروست دەبێت تام و چێژی ئەو ئیمانە ناتوانێت بە زمان وەسف بکات، تام و لەزەتی هەیە، بۆیە لەو ساتەی خۆت دەدۆزیتەوە و هەست بە بوونی خۆت دەکەیت، هەستی بەرپرسیاریەتیت لا دروست دەبێت، خەم دەخۆی، ناتوانی هەروا بەبێکار دابنیشیت، ناتوانی دەستەوسان سەیری کۆمەڵگەکەت بکەیت لەناو نەزانی و نەفامیدا بن لەناو تاوان و نەزانین بن تۆش هیچ کاردانەوەیەکت نەبێ و هەست و هۆشت نەخرۆشێت، هیچ شتێک نەکەی بۆ ڕزگار کردنی ئەو کۆمەڵگەیە، وەک سەید بەڕەحمەت بێت دەفەرموێت: "مرۆڤ کاتێک لە بەرزاییەکانی زانین و هیدایەتەوە سەیری ئەو خەڵکانە دەکات، سەیری کۆمەڵگەی خۆی دەکات لەناو زۆنکا ونەزانی و نەفامیدا دەسوڕێنەوە ودێن و دەچن بێ مەبدەئ و هیچ

ئامانجێکیان نییە و گرنگی بە ئاین و ئامانج و مەبدەئ نادەن، هەموو خەمیان لە خواردن و خواردنەوە و جنس و ڕابواردن پێک هاتووە، تۆیش بەو پەڕی خەمەوە بەو پەڕی حەزی ڕزگاربوون هەوڵ دەدەی بۆ ڕزگاربوونی ئەو خەڵکە، بەڕاستی ئەوەیە خەم و خەفەتی ئێمە، سروشتی ئەم پەیامەش وایە کە مرۆڤ بەڕاستی هەڵی گرت دەی بزوێنێت دەی خاتە جوڵە بۆ گۆڕانکاری بۆ ئەوەی تاک رزگار بکات، هەتاوەکوو کۆمەڵگە و هەموو مروڤایەتیش".

دەمێک بوو حەزم دەکرد کورتە نووسینێکی جوان و باش پەیدا بکەم لەسەر گرنکی خوێندنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەرتەوازەیی هەبوو لەو بابەتانە و منیش زۆر بەدوایدا نەچووم، ئەکرێ شتی زۆر باشیش هەبێ وەڵێ بەرچاوی من نەکەوتبێ، جا بیرم لەوە کردەوە بتوانم باسێکی بچکۆلانەش بێت لەسەر گرنکی خوێندنەوە و ئافاتەکانی نەخوێندنەوە بخەمە بەر دیدی ئێوە، هەرچەندە ئێمەیەکی نەخوێندەوارو کەم تەمەن و کەم ئەزموون لایق بە نووسین و ئەو شتانە نین لەم کاتەدا،وەڵێ گرنگی بابەتەکە وای لێ کردم هەنێ شت بنووسم.

لە ڕاستیدا زۆر جار کە دەکەوتمە گفتووگۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بێ بەرنامە بوون لە ژیاندا کە هەموو کاتی خۆیان هەڕاج ئەکەن و گەنجیەتی خۆیان بە گاڵتەو گەپ و خەوتن و ڕابواردن و پیاسەکردن و نێرگەلە کێشان بەسەر دەبەن، یان هیچ ئامانجێکیان نییە، یان ئەوانەی نازانن چۆن کاتەکانیان

بەسەر دەبەن، یان ئەوانەی ناخوێنەوە، وخوێندنەوە بەرنامەی ژیانیان نییە، ئەوەندە بەشتی لاوەکی و بێ نرخەوە سەرقاڵن، کاتەکانیان لە یاری و گەیمینگ و دونیای سۆشیاڵ میدیا و دانیشتنی بێ سوود و کافتریاکان بەسەر دەبەن، منیش باسی گرنگی خوێندنەوەم بۆ دەکردن و زەروورییەتی خوێندنەوە لە ژیانی مرۆڤدا چ جای ئەگەر موسڵمان بێت ئەولاترە،بۆیە هەستم دەکرد ناتوانم بەجوانی پەیامەکەی پێ بگەیەنەم یان کەم وکورتی زۆری تێدایە، بۆیە بەباشم زانی بتوانم لە نامیلکەیەکی بچووک بیخەمە بەردەستی خوێنەران.

داواکارم لە خودای مەزن و بەرز و بڵند نیەتمان بۆ خۆی بێت و لەبەر خاتری ئەو بێت، نەک بۆ سومعەو ریاو خۆ دەرخستن بێت، داواکارم لە خودا هەر کارو کردەوەیەک یان هەر جوڵە وبزاوتێک دەیکەین لەبەر خاتری خۆی بێت.

ڕێڕەوێک

گەورەترین نەزانین ئەوەیە مرۆڤ خۆی نەناسێت، نەزانێت خودی مرۆڤ چییە کارەسات دەخولقێت کە مرۆڤ پەی بە ماهییەت و حەقیقەتی خۆی نەبات دەکرێ مرۆڤ شوناس نامەو جنسیەی خۆی نەناسێت ؟!

- نا هەرگیز ناکرێ خوداش دەفەرموێ: ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١ ﴾ الذاريات: [٢١] واتە: (ئەوە لە خودی خۆتانا بۆ ورد نابنەوە بۆ تێ ڕانامێنن، سەیرێکی بونیات نانی جەستەی خۆتان بکەن، چەن بە دیزانێکی ڕێک و پێک دروست کراوە، بۆیە ئێمە گەر نەخوێنینەوە، درک بەم ڕاستیانە ناکەین.

پاشان مرۆڤ کە خۆشی نەناسی بەڕاستی دروستکەرەکەیشی ناناسێت گەر بیناسێت بە جوانی ناناسێت باش لێی حاڵی نابێ حەق و مافی پەرستشی ناداتێ درک بەگەورەی و مەزنی خودا ناکات، بۆیە هەم دیسان کارەسات ونەفامی گەورەیە مرۆڤ خۆی و خودا نەناسێت بۆیە هەر ناچارین دەبێ بخوێنینەوە بۆ ئەوەی لە خود و لە خودا و لە وجوود و گەردوونیش تێ بگەین.

لەڕاستیدا نازانی لە کوێوە دەست پێ بکەی، لەبەر گرنگی و زەروریەتی خوێندنەوە بەسە بۆمان خودا دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩ ﴾ [الزمر: ٩] واتە: (بڵێ ئەوە چیتانە وا

دەزانن ئەو کەسانەی زانان و تێدەگەن وەکو ئەو کەسانە وان کە نەزانن و تێناگەن ؟! ((هەرگیز یەکسان نین)) بێگومان تەنها مرۆڤی ژیرو هۆشیارەکان پەند وەردەگرن).

بەسە بۆمان کە خودا جیاوازی نێوان ئەم دوو چینە لە خەڵک دەکات بەسە بۆمان کە خودا خۆی ئەم بابەتەی یەکلا کردوەتەوە کە ئەم دوانە هەرگیزاو هەرگیز وەکوو یەک نابن.

هەروەها خودا دەفەرموێت: ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴿١١٤﴾ ﴾ [طه: ١١٤] واتە: (دەسا بفەرموو ئەی پێغەمبەر ﷺ خودایە زانست و زانیاریم زیاد بکەیت) بێگوومان یەکێک لە رێگەکانی بەدەست هێنانی زانست و زانیاری خوێندنەوەیە. سەرنج بدەن و وورد ببنەوە ناڵێت خودایە ماڵ و سەروەت و سامان و پلەو پایەم زیاد بکە، ناڵێت خودایە دەسەڵاتم زیاد بکە بەڵکوو دەفەرموێت زانست چونکە کلیلی بەدەست هێنانی هەموو شتەکانی دیکەیە.

خوێندنەوە زەروورياتی ژیانی تاکی مرۆڤە لە ڕاستیدا بۆ هەموو مرۆڤێک پێویستە بخوێنێتەوە، چ جای ئێمە وەکوو ئیماندار کە حەتمەن دەبێ خوێندنەوە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو بێت لە ژیانماندا چوون ئێمە ئوممەتی هەڵبژێردراوای خوداین.

گرنگی خوێندنەوە

خوێندنەوە فەرمایشتی خودایە، هاوتەریبە لە جێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا، لەسەرووی ئاسمانەکانەوە فەرمانی کردووە بە ڕەسوولەکەی ﷺ، کە بەناوی ئەوەوە بخوێنە یەکەم فەرمایشت بووە بە روحول ئەمین نێردراوە بۆی لە غاری حیراء.

ئێمە مانان کە دەخوێنینەوە دڵمان بەوە خۆشە کە فەرمایشتی خودا بەجێ دەهێنین بە قسەی دروستکەرەکەمان دەکەین هەست دەکەین لە ئوممەتی ((إقرأ)ء)ین.

خودا دەفەرموێت: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ ﴾ [العلق: ١]

خوای گەورە بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە پشت نەوتراوەکانی ئەم چەند ئایەتەدا وتراوەدا بە نوێنەرایەتی هەموو مرۆڤەکان بە پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموو ئەگەر ئەتەوێت ئەم کۆمەڵگایە ڕزگار بکەیت و ڕێباز و ڕێگای ڕزگاربوون بە تەواوی مرۆڤایەتی پیشان بدەیت، پێویستە سەرەتا تۆ لەگەڵ نەتەوەیەکی خوێنەوارو زانستخواز بیت، واتا ئەستەمە بتەوێت چاکسازی بەم کۆمەڵە مرۆڤە نەزان و نەفام و ئاست لاوازە و بێ بیرکردنەوە و ناهۆشیارە بکەیت.

خودا فەرمانمان پێ دەکات کە بخوێنینەوە بەناوی ئەو ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾ [العلق: ١]

١ ـ بخوێنەوە تاوەکوو لە من و داواکاری سۆز و میهرەبانی و سەرجەم ناوە جوانەکانی من بگەن و بزانن کە من چیم بۆتان پێیە و کێم بۆ ڕێبەریتان هەڵبژاردووە و بۆچی دروستم کردوون و لە کوێوە هێناومن و بۆ کوێشتان ئەبەم؟

٢ ـ بەردەوام ڕۆژانە و شەوانە چەندتان پێدەکرێت بخوێنەوە تاوەکوو ئەبن بە هەڵگر و ئەهلی قورئان ژیر و پاک و چاک و قوڵ و جوانبین و بەهێز و تەندروست و لێهاتوو، بخوێنەوە تا خوێندنەوە ئەبێت بە کلتور و پیشە و لێهاتن و توانایەکی خۆرسک .

٣ ـ بخوێنەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن و شکست نەخۆن، بخوێنەوە تاوەکو خەڵکی ئومێدی خێرو باشەتان لێ بکەن، چونکە کەس پێشبینی سەرکەوتن و بردنەوەی نەوەیەکی نەزان و نەخوێنەوار و گێل و داماو ناکات و هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نابێتە جێی سەرنج و پشتیوانی و هاوکاری و قوربانی بۆدانی خەڵکەکەی.

٤ . بخوێنەوە چونکە من ئێوەم بۆ یاریکردن و گاڵتە و گەپ دروست نەکردووە، باشترین و مەزنترین مرۆڤیشم بۆ ئەوە نەناردووە تاوەکوو بەکەم لێتان ڕازی بم، من ئەمەوێت ئێوە ببنە باشترین نەتەوە کە لەناو گۆڕەپانی ژیاندا ڕۆڵتان هەبێت،

لەوانەبن کە ڕێگری لە خراپە و فەرمان بە چاکە ئەکەن و بڕوا بە من دێنن و ڕێز لە فەرمان و نێردراوی من دەگرن .

٥ . بخوێنەوە تا هیممەتتان بەرز ببێتەوە و دەرەقەتی هەموو کێشەکان بێن و لە ڕەوت و خولی مێژوودا پێگەی بچوک و شوێنی کەم ڕازی نەبن .

٦ ــ بخوێنەوە تاوەکوو لە ڕێگا نەبنە بار بەسەر ئایین و مرۆڤایەتی و هاوڕێکانتانەوە و بۆ قۆناغی ڕوو بە ڕووبوونەوەی تاریکی و ستەم و زۆرداری و جەنگی دژ بە داواکاریە ناوەکی و بۆسە و پیلانە دەرەکیەکان، بە هیچ کەس فریو نەدرێن و بۆ هیچ شتێک دانەمێنن و لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێ بزر نەکەن و چەواشە نەبن .

٧ . بخوێنەوە تاوەکوو لە غیابی ئیوە خراپەکاران و بێبڕخ و بێعەقڵەکان جڵەوی ژیان نەبەن بەرەو تونێلە تاریک و ڕۆژگارە ناخۆش و پڕ لە ئازارەکان، بخوێنەوە تاوەکوو کەس نەتوانێت داگیرتان بکات و لە مرۆڤبوونتان کەمبکاتەوە و یاری بە چارەنووس و ژیانی ئێستا و ڕۆژی دواییتان بکات .

٨ ـ بخوێننەوە تاوەکوو ئەبنە خاوەنی دیدگا و نەخشەڕێ و ستراتیژی ئایینی و ئینسانیی خۆتان، بخوێننەوە تاوەکوو شارەزای چیرۆکەکە ئەبن لە سەرەتاوە تاوەکوو کۆتایی و کۆت و زنجیری دەست و پێیەکان ئەپسێنن و وزەیی کارکردن و هیوای چارەسەربوون دێتەوە .

٩ ـ ئەوە لە پەیامی خوای گەورە ئەخوێنرێتەوە، کە بخوێننەوە تا لە ئایینەدا لە تواناتاندا بێت، بەرگەی گومانەکان بگرن بە نووری زانست و مەعریفە .

١٠ ـ بخوێننەوە تاوەکوو ئەبن بە پڕۆژەیەک کەس بوێری ئەوە نەکات چاوتان لە ئاست دابخات و پەراوێزتان بکات و نەتانخوێنێتەوە.

١١- بخوێننەوە تا ئەبن بە ئەزموونێک کە بەرامبەرەکانتان ناچار بە خوێندنەوە و لێڕامان و ڕێزگرتن و حساب بۆکردن بکەن و خاوەنی پێشمەرجەکانی هەستانەوە و ڕێبەرایەتیکردنی مرۆڤایەتی بن، بۆ چەسپاندنی خێرو خۆشی و ڕووناکی و هێمنی و دادپەروەری.

لە ناو ئەو هەموو کێشەو نا ئومێدی و تراژیدیایەدا قورئانی پیرۆز پەنجە لەسەر هۆکاری سەرەکی و چارەسەری یەکجارەکی دادەنێت و یەکەمین فەرمان و ڕێنمایی و ئامۆژگاری و ڕێگاچارە و دەرمان کە لەو کاتە زۆر هەستیارە و نارەحەت و دژوار و پڕ ئازارەدا دادەبەزێت یەکەمین شتێک کە خوای گەورە لەسەروو

ئاسمانەکانەوە کە بە پێویستی ئەزانێت وگرنگە بەلایەوە و ئەیکاتە دەستپێکی شۆرش و تیماری نەتەوەیەکی لە هەزار لاوە بیمار و هەموو ئێسقانەکانی شکاو هەموو دەمارەکانی پساوە ئەوەیە

کە ئەتانەوێت رزگارتان بێت؟ ئەگەر ئەتانەوێت ئازاد بن؟ ئەگەر بەڕاستی ئەخوازن وەک مرۆڤ بژین و ژیانێکی شایستە بەرنە سەرو لە هەوڵەکانتاندا سەرکەوتووبن، لە بەرامبەر دوژمنەکانیشتاندا شکست نەخۆن یەکەم شت بخوێنن، خوێندن تیماری ئەم هەموو نەخۆشی و دەردو بەڵایەیەوە کەواتە بەجدی دەستی پێوە بگرن و خۆتانی پێ رزگار بکەن[1]

خوێندنەوە دەروازەیەکی فراوانە بۆ چوونە ناو هەموو شتەکان، لەوێوە سەرەتاو دەستپێکی گەورەبوون و بوونیاد نان دەچیتە ناو جیهانێکی فراوان و بێ بەرین هەر بە خوێندنەوەیە مرۆڤ دەتوانێ گەشت بکات بۆ ڕابردوو، مرۆڤ کاتێ ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات خۆی لە ناو ڕووداوەکاندایە.

هەر بەهۆی خوێندنەوەیە جاری واهەیە گەنجێکی کەم تەمەن دەبێتە خاوەن عەقڵێکی گەورەو وردکار، مرۆڤێکی کەم تەمەن بەهۆی خوێندنەوەوە دەگاتە

[1] لەلاپەڕەی ١٢ ەوە تا ئێرە، لە کتێبی بۆچی هاتووین وەرگیراوە

ئاستی کەسێکی بەتەمەنی دونیا دید،ە دەگاتە ئاستی پیاوانی گەورە، دەگاتە ئاستی سیاسەت مەداران و قسە ڕۆیشتوان.

سەرکەوتن و شکست وهەستانەوەو هەڵبەزین و دابەزینی هەموو شارستانیەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان بەندە بە ڕۆشنبیری دەسەڵات و گەلەکەی.

خودا ستەم لە هیچ کەسێک ناکات، با کەسانێکی بێ دینیش بن بەمەرجێ خۆیندەوار بن و بۆ ژیان هەوڵ بدەن خودا پێیانی دەدات، وەکوو ئەمرۆی ئەورووپا سەیر بکە لە لوتکەی پێشکەوتن و داهێنانن گەیشتوون بەشتی وا مرۆڤ لەئاستیدا سەرسامدەبێ، چونکە لە ڕاستیدا هەوڵ دەدەن، ئاستی سەقافی تاکیان بەرزە خەڵکی ڕۆشنبیریان زیاترە[1]، ئێمەش کە لەسەر ئەو سوننەتە کەونیە ناڕۆین با هەر بانگەشەی موسڵمانیەتی بکەین بەڵام لە دواوەی هەموو گەلانین چوون فەرمایشتی خودا جێ بەجێ ناکەین کە دەفەرموێ (إقرأ).

خۆیندنەوە بۆ هەموو کاروبارەکانی ژیانمان پێویستە هەر کەسەو لە شوێنی ئیش و کاری لە کەسابەتی لە بازرگانی پێویستی پێەتی بە ڕادەو بڕی جیاواز،

[1] ئەمە مانای ئەوە نییە هەموویان و ابن، ئەگینا زۆرێکیشیان هەن، لەوپەڕی نزمی ڕەوشت و ئەدەبدان، و لەوپەڕی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستیدان

چوون کەسێکی خوێنەر ئەزموونی کەسانی دیکەی وەرگرتووە دەتوانێ پەرە بە بازرگانیەکەی بدات، کابرایەکی کاسب دەتوانێ بە ئاکاری جوان مامەڵە لەگەڵ کریارەکانی بکات ئەمانەو چەندانی دیکە کە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بەدەست دێت.

گرنگی ڕووح بۆ جەستە گرنگی دڵ بۆ جەستە، گرنگی خواردن بۆ جەستە ئەمانە چەنە گرنگن خوێندنەوەش هیچی لە مانە کەمتر نییە، بەداخەوە ئێمە ڕۆژانە بەردەوام خەریکی تێرکردنی ورگمانین، دایم سەلاجەمان پڕە بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە چۆن مێشکمان پڕ بکەین لە زانیاری بە خوێندنەوە.

نیشانەی گەلانی سەرکەوتوو خوێندنەوەیە نیشانەی هۆشیاری گەلان خوێندنەوەیە ئەو کەسانەی کە لە ئاستێکی بەرزدان لە ناو کۆمەڵگە بە خوێندنەوەو زانین گەیشتوون بەو ئاستە، نیشانەی کەسی سەرکەوتوو لە ژیانیدا خوێندنەوەی زۆرە، مرۆڤ تا زیاتر بخوێنێتەوە زیاتر پێ دەگات و تێ دەگات.

ئێمە لە ڕۆژانەی ژیانی خۆمان دەیان بینین ئەو کەسانەی ئەهلی خوێندنەوەن چەن جیاوازن لە کەسانی دیکە لە زۆر لایەنەوە، هەر لە گفتووگۆو قسەی شیرین و هەڵسوکەوت کردن و ڕەچاو کردنی مافی بەرامبەر و نەشکاندنەوەی کەسی بەرامبەر، هەست دەکەی ئەم کەسە جیاوازە لە خەڵکە ئاساییەکە.

خوێندنەوە وات لێ دەکات خۆت بدۆزیتەوە هەست بە بوونی خۆت بکەی هیچ کات خۆت بەکەم نەزانی تۆش ئەندامێکی لەو کۆمەڵگەیە، دواتریش وات لێ دەکات ئامانج دار بیت، لە کەسایەتی پێشوو ناچی، نا تەواو دەتگۆڕێت دەتکات بە کەسێکی دیکە پاشان هەستی بەرپرسیاریەتیت لا زیاد دەکات خەمی کۆمەڵگە و گەڕەکت دەبێ خەمی خەڵک و باشی خەڵکت دەبێت، وات لێ دەکات نەتوانیت بەبێ کار دابنیشیت دایم لە جوڵەو بزاوتا بیت وات لێ دەکات ئامانجەکانت گەورەتر بێت.

خوێندنەوە نورە بۆ تاریکی، کلیلی چارەسەری کێشەکانە، هاوڕێی ڕۆژانی تەنگانەیە، خوێندنەوە ئەو هاوڕێ باشەیە بە پەنهانی و بە ئەسپای ئامۆژگاریت دەکات و هەڵەکانت بۆ ڕاست دەکاتەوە بێ ئەوەی لەبەرچاوی خەڵکی تەریقت بکاتەوە، خوێندنەوە دڵ و دەروونمان ئاسوودە دەکات و ئەحەسێینەوە لە پاڵی و ئەمانگەیەنێتە خۆش بەختی،تا وامان لێ دێت دەبێتە هاوڕێی شەو وڕۆژمان ساتێ بەبێ بوونی ئەو نەمان کرێت.

خوێندنەوە مۆمێکە بۆ تاریکی شەوە زەنگ، مەشخەڵێکە کە قەد گڕوو تینی خامۆش نابێت، بەرچاوی خۆتی پێ ڕۆشن دەکەیتەوە، نووڕێکە ڕێگاکانی ئێستای پێ دەبینی وخوێندنەوەیشت بۆ داهاتوو دەبێت وڕووداوەکانی ڕابردووی پێ بەراورد دەکەی بە واقعی ئێستا و سوودی لێ دەبینی.

خوێندنەوە کەسانی باشت پێ دەناسێنێت ودوورت دەکاتەوە لە هاوڕێی خراپ ولە دانیشتنی بێ کەڵک و بێ سوود.

د.ئیبراهیم فەقێ دەڵێ: گیرفانی بەتاڵ ڕێگای لە کەس نەگرت تاوەکوو بگاتە سەرکەوتن، بەڵکو ئەوەی ڕێگا دەگرێت مێشکی بەتاڵ و دڵی خاڵی مرۆڤەکانە.

هەرگیز ناکرێ ڕۆژێکت لێ بڕواتوو نەت خوێندبێتەوە، خوێندنەوەکەش وەنەبێ هەرچی بوو بیخوێنێتەوە بەڵکو پێویستە خوێندنەوەیەکی دروست و سوود بەخش بێت خوێندنەوەیەک بێت بونیادنەر بێت نەک ڕوخێنەربێت، چاکسازبێت نەک وێرانکەر.

کاربەدەستە یەهودییەکان دەڵێن: ئێمە لە ئوممەتی موسڵمان ناترسین، چونکە ئوممەتی موسڵمان ئوممەتێکن ناخوێنندەوە ...
بەڕاستی ئەو یەهودیە درۆزنە ڕاستی وتووە، هەر ئوممەتێک نەخوێنێتەوە ئەوا ئوممەتێکی بێ سام و بێ هەیبەت دەبێت.

کە خوێندنەوە ئەوەندە گرنگ و هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ئەم هەموو شتە باشانە جێی خۆیەتی غایە دەرەجە قۆڵی لێ هەڵ بماڵین و ڕۆژێ زووتر دەست پێ بکەین و کاتێکی زۆری پێ ببەخشین.

خوێنەر

سیفەتی کەسانی خوێنەر:

کەسانی خوێنەر زۆرجار خاوەنی بیروباوەڕێکی چەسپاون، ڕاڕاو دوو دڵ نین، لەسەر شتێک جێگیرن خاوەنی مەوقیف و هەڵوێستن وەکوو ئەو کەسانە نین کە دەڵێن لە هەر کوێ با بێت ئێمە شەنی خۆمان دەکەین، لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ میللەت و خزم و کەس و کاری خۆیانن، کوڕانی ڕۆژی تەنگانەن.

خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتن پارسەنگ و ڕێک و پێکن لە سیما و گوفتار و ڕەفتاریانەوە دەردەکەوێت، هەر شوێنێ پێویستی بەمان هەبێ لەوێ دەبن، لە بەدەمەوە چوونی خەڵکان کەمتەرخەمی ناکەن، ڕووخۆشن لەگەڵ گەورەو بچووک، خاکی و خۆ بە کەم زانن، ئەمانە مۆڵکی خۆیان نین بەتەنها بەڵکوو مۆڵکی ئوممەتێکن، مۆڵکی وڵات وگەل و نیشتمانیانن لە خزمەت کردن کەمتەرخەمی ناکەن.

کەسانی خوێنەر زوو فریوو ناخۆن لە ژێر کاریگەری کەسدا نابن، بە هەڵچوون و عاتفی خەڵک نا خەڵەتێن، لە ژێر کاریگەری ڕاگەیاندن چەواشە ناکرێن،خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتن، دەروون بەزیوو نین، خۆیان بە کەم نازانن هەستی قەزەممیەتی و بچووک بوونەوەیان لە ناخی خۆیان دەرکردووە

بەڵکو هەستی باڵایەتیان چاندووە، کەسانی خوێنەر شوێنی هەموو کەس ناکەون وەکوو گایەلە مەڕ نابن هەر کەس بیانداتە بەری خۆی و بیان بات، کەسانی خوێنەر خۆیان بڕیار دەدەن کەشوێنی چی بکەون ئەمانە خاوەنی هەڵوێست و بڕیاری خۆیانن، نابن بە کۆیلەی کەس نابنە خزمەتکاری بەر دەرگای سوڵتانەکان، ئەڵقە لەگوێی کەس نین، سەرکز و چاوشۆڕ نین، پشت بۆ کەس ناچەمێننەوە، خەریکی ماستاو وچڵکاو خواردن نین، بەڵکوو گەردنیان بەرزە، سەر بۆ مرۆڤ کەچ ناکەن، عیززەتی نەفسیان هەیە، ئامادەن لە پێناو مەبدئو بیروباوەڕیان گیانی خۆیان ببەخشن.

کەسانی خوێنەر کات زۆر بەلایانەوە گرنگە نایەنەوێت بەهیچ شێوازێک کاتەکانیان لە شتی بێ سوود و بێ بەها بەسەر بەرن، تاقەتی دانیشتنی خراپیان نییە حەز بە کۆڕی غەیبەت و نەشیاو ناکەن، قسەی دووبارەیان کەمە، وەکو عەتر وان هەر لەگەڵ بوونیان بۆن خۆش دەبی و سوودیان لێ دەبینی لەگەڵ ئەوان خۆشبەخت ئەبی، بەردەوام زانیاری بەسوودت پێ دەبەخشن.

کەسانی خوێنەر بیرمەند و بیر تیژن زوو پەی بە ڕووداوەکان دەبەن، عەقڵیان زوو بە ڕووداوەکان دەشکێت خوێندنەوەی واقیعیان بۆ ڕووداوەکان دەبێت لە چەند ڕەهەندێکەوە ڕووداوەکان دەبینن.

کەسانی چەق بەستوو و مێشک داخراو نین، دەتوانن هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو نەیارەکانیان بکەن، دەتوانن بە باشترین شێوە لەگەڵ کەسانی نەیاریان گفتووگۆ بکەن.

کەسانی خوێنەر هەنگاوەکانی ژیانیان ڕوونە بە مەبەست ئەژین ئامانجیان هەیە، زۆر جار داهاتووی پرشنگداریان هەیە، خۆشبەختی بەدەست دەهێنن.

کەسانی خوێنەر جیاوازن لە کەسانی تر، کە دەخوێننەوە، ئاقڵتر دەبن ژیر و وریاتر دەبن، تۆ وەکوو ئەوان نابیت، خاوەن مەبدئ دەبیت، پارسەنگی خۆت ڕادەگری، شوێنی قەرەباڵغی ناکەوی، بەڵکو خاوەن هەڵوێست و دید و تێڕوانینی خۆت دەبیت، نابی بە کۆیلەی کەس، لە هەر هەنگاوێک دەینەیت لە ژیانت بەرچاوت ڕوونە، ڕێگاکان شارەزای ئاگاداری واقیعی خۆت دەبیت، خوێندنەوەت بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەر دەبێت، هتد.....

کۆڕ و دانیشتنی خەڵکی عەوام و ئەو کەسانەی ناخوێننەوە زوو مرۆڤ بێزار دەکات، لەسەر شتی زۆر بێ بەهاو بێ مانا دەدوێن باسی خواردن دەکەن، چی خۆشە چی ناخۆشە، چ سەیارەیە جوانە چی ناشیرینە کام جلوبەرگ مۆدێلی تازەیە کامە کۆنە، بەڵام بە پێچەوانەوە دانیشتنی کەسانی خاوەن زانست و خوێنەر زۆر بە چێژە، مرۆڤ بێزار ناکات، زۆر تامەزرۆی بیستنی وتەو گوفتاریانی

چوون دایم شتی تازەیان پێیە، ئاڕاستەت دەکەن بەرەو ڕێگای ڕاست و باش، زانیاری نەبیستراو وبەسوودیان لایە..

سیفەتی ئەو کەسانەی ناخوێنەوە

ئەو کەسانەی ناخوێنەوە:

- زۆر بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلامەوە.
- زۆر قسە دەکەن و قسەکانیان دووبارەیە.
- خۆیان ناناسن.
- هێزی بیرکردنەوەیان گەشەی نەکردووە.
- زوو باوەڕ بە پڕو پاگەندە دەکەن.
- درک بە گرنگی وجیاوازی نێوان مرۆڤەکان ناکەن.
- بێگانەن بەدەستەواژەی ڕەخنە.
- حکومەتەکان خۆشحاڵ دەکەن.
- قسەی ئەزموون نەکراویان زۆرە.
- زوو تووڕە دەبن.
- لە مافی هاوڵاتیبوونی خۆیان و کەسانی دیکە بێ ئاگان.
- نازانن نەزانین چییە.
- لە هەموو بوارێکدا بیروو بۆچوونی خۆیان دەخەنە ڕوو.
- دەبنە کۆیلەی دەسەڵات داران[1].

---

[1] محمود سريع القلم

ئوممەتی ئیقرأ

یەکەم پەیامی کۆتا پەیامبەر ﷺ دەست پێ دەکات بە وشەی (إقرأ) دەی دیارە ئەمە هەروا نەگوتراوە ئەم وشەیە بێ مەبەست نییە، دەبێ تێ بهزرین لێی لەم هەموو وشەیەدا بۆچی خودا فەرمانی بەمە کردووە گەورەی بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەویش بابەتی خوێندنەوەیە.

هەتا ئوممەتی (إقرأ) بووین لە لوتکە بووین، لە هەموو بوارەکانی دین و ژین سەرکەوتوو بووین، ئێمە خاوەنی سەر زەوی بووین قسە ڕۆیشتووبووین، لەهەموو بوارەکانی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و داهێنان و پێشکەوتنەکان ئێمە لە پێشەوە بووین، خاوەنی کەرەستەی ناوخۆیی بووین پێویستمان بە بێگانە نەبوو، هەموو شتێ بەدەستی ئێمە بوو، لە دینداری وێنەمان نەبوو لە پێشکەوتن لە پێشەوەی هەموو شارستانیەتەکان بووین، لە ڕەوشتدا بێ وێنە بووین زۆر باڵا و ڕاقی بووین.

هەتا ئوممەتی (إقرأ) بووین خاوەنی شارستانیەتی ئەندەلووس و بەغداد و غەرناتە و قورطوبە بووین، خاوەنی زانای وەکوو ئیبن خەلدون و غەزالی و ئیبن هەیثەم و جابری کوڕی حەیان و ڕازی بووین.

ئـێمه كه ئـوممه‌تی (إقـرأ) بـووین، خـاوه‌نی یه‌كه‌م خه‌سـته‌خانه بـووین و پێداویسـتی پزیشـكی له شارسـتانی ئێمه دروسـبوو دوای چه‌نـده‌ها سـاڵ ئینجـا ئه‌وروپا درکی پێ كردوه.

ئێمه خاوه‌نی جابری كوڕی حه‌یان بووین كه كیمیا گه‌ر بوو له‌وپه‌ڕی زیره‌كی و بلیمه‌تی بـوو، خـاوه‌نی ئه‌بـوبه‌كری رازی بـووین كه پێداویسـتی پزیشـكی دروسـت ده‌كـرد بۆیه‌كه‌مجـار حه‌بلی دروسـتكرد بـۆ ته‌قه‌ڵ و دروینـه‌وه‌ی نه‌شـته‌رگه‌ری، بۆیه‌كه‌مجار بوو شـتێكیان دروسـت كردبوو بۆ نه‌خـۆش له‌كاتی نه‌شـته‌ر گه‌ری، به‌نجیان پێ ده‌كردن، خاوه‌نی ئیبن هه‌یثه‌مین كه یه‌كه‌م كتێبی له‌بواری پزیشكی نووسـیووه،، خـاوه‌نی ئیـبن خه‌لـدونین كه یه‌كه‌م كه‌سـه له بـواری كۆمه‌ڵناسـی دواوه.

خـاوه‌نی یه‌كه‌م خه‌سـته‌خانه‌ین كه بـۆ چاره‌سـه‌ری ئـاژه‌ڵان كـرایه‌وه‌و تیمـاری نه‌خـۆشیه‌كانیانی ده‌كرد، ئه‌وه‌یه شارسـتانیه‌تی ئێمه به‌رامبه‌ر به ئاژه‌ڵ چ جای به‌رامبه‌ر به مرۆڤ چۆن بێ، به‌داخه‌وه به‌هـۆی بێ ئاگای موسـڵمانان له مێژووی خۆیان ڕۆژئاوا مافی مرۆڤ دۆستیمان پێ ده‌فرۆشن وا ده‌زانن ئێمه له ئه‌شكه‌وتا ژیاوین وئاگامان له هیچ نه‌بووه نازانن چه‌ن له لوتكه بووینه.

ئێمه خـاوه‌نی هه‌مـوو جوانییه‌كانین، خـاوه‌نی دادپه‌روه‌ری و یه‌كسـانین خـاوه‌نی گیانی مرۆڤـایه‌تین ئه‌وه‌یه شارسـتانی ئێمه جیاوازی ناكات له نێوان ره‌ش پێسـت

و سپی پێست، شەرقیەک و غەربیەک، دەوڵەمەند و فەقیرێک، جوان و ناشیرینێک، بە یەک چاو سەیریان دەکات و جیاوازی ناکات لە نێوانیان.

ئێمە خاوەنی ئەو شارستانییەتین کە بیلالێکی حەبەشی و سەلمانێکی فارسی و سوهەیبێکی ڕۆمی و ئەبوبەکرێکی قورەیشی بەیەک چاو سەیر دەکات، جیاوازی لە نێوانیان ناکات هیچ کەس لەسەرووی کەسەوە نییە،خۆ وەکوو ئەم بەناو شارستانیەتەی ڕۆژئاوا نییە بە چاوی مرۆڤ سەیری ڕەش پێست ناکەن لە هەموو مافێک و بەهای ئینسانییەک بێ بەشیان دەکەن.

ئێمە خاوەنی ئەو شارستانییەتەین، خاوەنی ئەو هەموو داهێنان و پێشکەوتنەین، ئێمە ڕۆشنبیرو خوێنەر بووینە، کاتێ مەغۆل دێتە بەغداد ئەوەندە کتێب هەبووە لەوڵاتدا، کتێبەکان دەکەنە پرد و بەسەریدا دەپەڕنەوە، ئێمە ئاوا بووینە و ئێستا گەیشتووین بە ئێرە.

ئێمە ئەوەندە لە لوتکەیا بووین، بووین بە هۆکاری بەخەبەر هاتنەوەی ئۆروپا و شۆڕشی فرنسی بە هۆی کاریگەر بوونیان بە عەقلیەت و وڵاتانی موسڵمانان بوون، فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا زۆر کاریگەر بوونە بە زانایانی موسڵمانان و دواتر سوودیان لێ وەرگرتوون بۆ ئەو شۆرشە.

که ئـوممەتی (إقـرأ) بـووین کتێبخـانەی ئیسـلامی بەدرێـژای مێـژووی ئیسـلام گەورەتـرین کتێبخـانە بـووە لە جیهانـدا، گەورەتـرین ئەو کتێبخانـانە کە سـەدان سـاڵ درێژەیـان کێشـاوە: کتێبخـانەی بەغـداد، مەدیـنە، ئیشـبیلیا،غەرناطە، قـاهیرە، دیمەشـق،تەرابلوس، قورتـوبە، قـودس... مێژوویەکـی زۆر درێـژ لە ڕۆشنبیری و شارستانیەت و زانست.

(نەتەوەیەک خاوەن بڕوانامەو بێ بڕوانامەکانی، خێزاندارو ڕەبەنی، چاوی کتێب نەبینێت و دووژمنی خوێندنەوە و بیرکردنەوە بێت، چاوەڕێی چی بۆ خۆی و بۆ گەلی ژێـر دەسـتەو گەلانـی بەشـخوراوی دونیـای لێ دەکەیـت، کـێ پێشـبینی سـەرکەوتن و سـەرکردایەتی لە نەتەوەیەکی نیمچە خوێنەوار و کەڕۆلاڵ و کوێر و نەشارەزا و بێ بەهرە وبێ توانا دەکات، مرۆڤی نەخوێنەوارو نیمچە خوێنەوار، دۆستی وڵاتانی زلهێز و نەتەوە داگیرکار و سـەرمایەدارانی جیهانە، چونکە ئەمانە ناتوانن مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانیان دروست بکەن) [1].

[1] وەرگیراوە لە کتێبی بۆچی هاتووین.

كه ئوممەتى (إقرأ) بووين ئاوا بووين:

- خاوەنى يەكەمين خەستەخانەو زانكۆكان بووين، خاوەنى داهێنانى تازە بووين زمانى عەرەبى جێى شانازى هەموو جيهان بووە.

پادشا ئەوروويپييەكان منداڵانى خۆيان دەنارد بۆ وڵاتانى موسڵمان ، بۆ ئەوەى فێرى زمانى عەرەبى بين و ڕۆشنبير بكرێن به زانست و زانيارى، دواتريش كه دەگەڕانەوە شانازيیان دەكرد بەوەى فێرى زمانى عەرەبى بوون، چونكه ئەوروپا ئەو كاتانه لەناو سەده تاريكييەكان بوو، زۆر دواكەوتوو بوونه، هەروەكوو ڕۆژگارى ئەمڕۆمان كه پێچەوانه بووەتەوە كه فێرى زمانى ئينگليزى دەبين و شانازى پێوە دەكەين و پۆزى پێ لێ دەدەين.

- هەتا ئوممەتى (إقرأ) بوين سنورى شارستانەتيەكەمان لەوپەڕى ئيندونيسيا بۆ مەغريب بوو بەبێ پاسپۆرت و فيزا بۆ هەركوێ بتويستايه دەڕۆيشتى، سنور نەبوو له نێوانمان له ناو شارستانيەتى ئێمه ئوتێل نەبوو ئەوەندە ڕاقى بووين.

كه ئوومەتى (إقرأ) نەماين چيمان بەسەر هات، حاڵمان چەن خراپ بوو چەند پەرتەوازە بووين ولەيەک دووركەوتينەوە، ڕۆژمان گەيشتووە به كوێ هەموو دونيا و وڵاتانى زلهێز زمانى ژەنيوەته خاک و وڵاتمان، پارچه پارچايان كردين، كردمانيان به دووژمنى يەكترى، گيانى جاهيلەت و نەتەوەپەرستييان له نێوماندا زيندوو كردەوە، هەرچى خێرو خێراتى ژێر زەوى و بان زەوييان برد بۆ خۆيان،

ئێمەیان هەژار کرد، کێشەو ناکۆکی وشەڕو کوشتاریان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بڵاوکردەوە، نائارامی ونا ئاسوودەیی باڵی بەسەر وڵاتماندا کێشا، ئەمەش وای کرد زۆرمان کۆچ بکەین بۆ ڕۆژئاوا هەر هەمووی بەپلان و بەرنامەی خۆیان بوو، تا وای لێهات هەموو وزە و تواناکانی خۆمان لەوێ سەرف بکەین، هەرچی بیر و داهێنان هەیە،بیخەینە خزمەتی ئەوان.

کە ئۆممەتی (إقرأ) نەماین هیچ شتێکمان لە شوێنی خۆی نەما لە هەموو کایەکانی ژیان دواکەوتین، بووین بە پاشکۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هاتن وڵاتیان داگیر کردین غەزووی فکر و ڕەوشت و کلتووریان کردین.

کردینیان بە ٧٢ وڵات و ٥٦ کەمایەتییەوە، گیانی تورک چییەتی و عەرەب چییەتی و کوردچییەتیان لە ناخماندا چاند، هەموومانیان دابەگژ یەکدا بۆ ئەوەی هەر سەرقاڵی ناو خۆمان ببین و سەر بەرز نەکەینەوە.

کە ئۆممەتی (إقرأ) بووین، چەندە بە سۆز بووین بۆ گەلان، ئایینی خۆشبەختی و ئاسوودەییمان بۆ دەبردن لەڕێگەی فەتحکردن، خێرو خۆشیمان پێ بوو بۆیان لە تاریکی و نەزانی دەریانمان کردن بۆ ڕۆشنایی و ڕووناکی ئیسلام، زۆر بەبەزەیی بووین لە کاتی سەرکەوتنیش بە ئەدەب و بەڕێزەوە بووین، هەڵسوکەوتمان جوان بوو لەگەڵ ژێردەستەکانمان، ئەوەندە بەهێز بووین سوپاکانمان تا

سنورەکانی پاریس و ئیتالیا ڕۆیشتبوو هەروەها جزیەمان لە وڵاتێکی وەکوو چین دەسەند.

ئێمە ئوممەتی (إقرأ)ین ئێمە ئەو ئوممەتەین کە لە کورتترین ماوەی زەمەنیدا توانیمان گۆڕانکاریەکی گەورە و بێ وێنە لەسەر زەویدا بکەین، ئێمە ئەو ئوممەتە بووین ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمان ڕووخاند لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا.

ئێستا ساتێک بووەستەو بیرێک بکەوە سەیری مێژووی سەربەرزی شکۆمان بکە، تۆزێ قوڵتر بڕوانە لە کوێوە بۆ کوێ، گەیشتین بە کوێ، ئینجا بەراوردی خۆت بکە بزانە ئێستا تۆ لەو ئاستەی ئایە تۆ ئوممەتی (إقرأ)ی ئایە تۆ بوویتە ئەو کەسە پارسەنگ و ناوازەیە ئایا ئەو خشتەی کە ئوممەتی ئیسلام دەتوانێ سوودت لێ ببینێ، ئایە تۆ ئەو کەسەی کە خوێندنەوە بووەتە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی ژیانت، ئایە تۆ زۆربەی کاتەکانت بەشتی بەسوود بەسەر دەبەیت، یان ژیانت بێ بەرنامەییە ، یان تا ئێستاش هەر بڕیارت داوە کە بچوک بژیت و بەتەنیا بیت دوور لە کاروانی باوەڕداران و خوا ویستان؟!

ئێمەی ئوممەتی (إقرأ) هەموو خواپەرستی و پەرستشەکانمان بەندە لەسەر فێربوون و خوێندنەوە ئەگەر وانەبین ئەوە هەر بە لاسایی کردنەوە شوێن ئەم ئاینە کەوتووین.

بەداخەوە زۆرمان وادەزانین خوێندنەوە تەنها بۆ چینێکی کۆمەڵگەیە وا دەزانین تایبەتە بە مامۆستایان یان قوتابیان هتد ...

بەڵام وانیـیە گەر بیر بکەیـنەوە بـۆ هەمـوو کارو بارەکانی ژیانمـان خوێنـدنەوەو زانین بەسـوودە.

بۆچی بخوێنینەوە

کەسانێک دەڵێن بۆ بخوێنینەوە ؟ خوێندنەوە چ سوودێکی هەیە ؟ چیمان پێ دەبەخشێت؟

باشە من دەڵێم بۆ نەخوێنینەوە ؟ ئەی نەخوێندنەوە چیمان پێ دەبەخشێت دەمان گەیەنێت بەکوێ!

ئەی کات کوشتن بە بەتاڵی و دەست بەتاڵی و کافتریا و ڕابواردن دەمان گەیەنێت بە کوێ ؟!

ئەی دوای ئارەزوو کەوتن و بوونە دیلی هەواو هەوەس ئەمان گەیەنێت بە کوێ ؟!

ئەوە خۆ دزینەوەیە لە ڕاستی، خۆ دزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتی و ئەرکی بەرپرسیاریەتی، ئەوە ڕاکردنە لە واقیع.

ئەی ئەو هەموو مرۆڤە گەورەیە بەرهەمی خوێندنەوە نییە ؟!

ئەی ئەو هەموو داهێنان و پیشەسازیەو بەرەو پێشچوونی جیهان ودنیای تەکنەلۆژیایە بەرهەمی خوێندەوە نییە ؟!

هەزارەها نموونەی دیکە، خۆت بەراورد بکە بەو کەسەی دەخوێنێتەوە چەن لە پێشی تۆیە ؟

بەڕاستی میلەتێک یان قەومێک یان چینێک لە خەڵک یان تاکەکانی کۆمەڵگەیەک نەخوێننەوە، ئەوە عەقڵی خۆیان تەڵاق داوە، ئەوە ئەیانەوێت بیر نەکەنەوە، ئەیانەوێت لەو قاوغە تەسکەی خۆیان نەیەنە دەرەوە، حەز بە بینینی ڕووناکی ناکەن، ئەوانە ئایندەیەکی گەش چاوەڕێیان ناکات.

دیارە خودا مرۆڤی بۆ بەندایەتی دروست کردووە، بۆ زانینی بەندایەتیش بەو شێوازەی خودا دەیەوێت دەبێت بڕۆینە خزمەتی قورئان و تەفسیرەوە، دەی گەر نەخوێنینەوە لە بنچینە و کرۆکی کارێک تێ ناگەین کە مرۆڤ بۆ ئەوە دروست کراوە.

دەی خوێندنەوە بۆ ئەوەیە سوود لە ئەزموونی گەورە پیاوان وەربگرین، ژیانی کەسایەتی و کەسە ناوادارەکان بزانین و سوودی لێ وەربگرین بۆ ژیانی خۆمان، پاشان سوود لە وتەکانیان وەربگرین و ئەو هەڵانەی ئەوان لە ژیانیاندا کردوویانە ئێمە مانان دووبارەی نەکەینەوە..

مرۆڤ بیەوێت گۆڕانکاری بکات هەر لە ئاستی تاک تاوەکوو کۆمەڵگە هەر پێویستی بەوەیە بخوێنێتەوە و سوود لە ئەزموونی گەلان و سەرکردەکان و سیاسەتمەدارەکان وەربگرێت و هەمان هەڵەی ئەوان دووبارە نەکاتەوە.

مرۆڤەکان زۆر جار پەنا بۆ زۆر شت دەبەن بۆ ئەوەی چێژی لێ ببینن، بەڵام نازانن خوێندنەوە چەند چێژت پێ دەبەخشێت.

پێم وایە هەموو مرۆڤێک بۆ ژیانی خۆی پێویستی بە خوێندنەوە هەیە، ئەگەر هەڵگری هیچ ئاین و ئایدۆلۆژیایەکیش نەبێ، هەر پێویستی پێیە بۆ ئاکار و ڕەفتاری ڕۆژانەی.

پاشان مرۆڤ کە ئەیەوێت هاوسەرگیری بکات، پێویستی بەوە هەیە بخوێنیتەوە لەسەر کەسی بەرامبەر بۆ ئەوەی لە یەکدی حاڵی ببن، بۆ ئەوەی لە ژیانی هاوسەرێتیان تووشی کەمترین کێشە ببن، ئەگەریش تووشی کێشە ببن بەو پەڕی ژیری و داناییەوە چارەسەری بکەن، دەتوانن بخوێننەوە لەسەر سایکۆلۆجیای یەکتری، ئەمە زیاتر وایان لێ دەکات لەیەکدی تێ بگەن و دەروونی یەکتری بخوێننەوە.

پاشان دوای ماوەوێەک لە هاوسەرێتی، ئینجا منداڵی دەبێ، دەبێ ئێمە بڕۆین بخوێنینەوە بزانین چۆن چۆنین منداڵ پەروەردە دەکرێت، چی بکەین لەگەڵی؟ چی نەکەین؟ چی باشە بۆی؟ چی خراپە؟ بۆ ئەوەی بەوپەڕی جوانی و باشی پەروەردەی بکەین و لەژیانی خۆماندا سەرکەوتوو بین ئەمانەو چەندەها خاڵی دیکە مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوەوە پێی دەگات.

وەک زانـراوە لای هەمـووان ئەوەی دەمڕاسـتی کـۆمەڵگەیە هەر خوێنـدەوارە، ئەوەی دەیەوێـت گۆڕانکـاری بکـات هەر خوێنـدەوارە، ئەوەی دکتـۆرە، مەلایە، مامۆسـتایە، پرۆفیسـۆرە، داهێنـەرە، هەر هەمـووی چینی خـوێنەرن، جـار جـار ئەکرێ لەو چینانەش هەبێ نەخوێننەوە.

(نەفـامی و نەزانین دەردێکی کوشـندەیە بریـنێکی قـوڵە ئەوەی وادەکات هیچمـان لە بـارا نەبێـت هیچمـان بە هـیچ نەبـێ، بەرامـبەر چارەسـەری کێشـەکان دەستەوسـان بـین، ئەوەی نەتەوەکان دووچـاری ژێردەسـتەی و تـاریکی و ئـازارو گـومڕایی ئەکات، خراپی کەسـەکان نـین، بەهێزی دووژمنەکان نـین، هەژاری و بێکاری و بێ یاسـای و گەندەڵی بەرپرسـان و خـوو نەریتی خێڵ و کلتـووری ناباش نـین، هەڵئاوسـانی ئـابووری و جیـاوزیی چینـایەتی نـین، ئەوەی هۆکـاری هەمـوو ئەمانەیە نەخوێندنەوەیە!

کاتێـک_ئایندارێک ئەبینیـت ڕقی دونیـای لە کتێـبە و مـانگی جارێـک کتێبـێک ناخوێنێـتەوە، کاتێـک خوێنـدکارێک یـان مامۆسـتایەک یـان فەرمانبەرێـک یـان دایـک و باوکێـک یـان گەنجێکی دەرچـوو ئەبینیـت کە چـاوی بە خوێنـدنەوە هەڵنـایەت و وائەزانێـت فێربـوون بـۆ قۆنـاغێکی تـایبەتی خوێنـدنە، ئەوکـات چاوەڕوانییەکی باش و ئایندەیەکی گەش و ڕۆژگارێکی ڕوون نابێت بکرێت.

ئەو کۆمەڵگایەی یەکەمین تاوانی بریتی بێت لە نەخوێندنەوە و گوێنەگرتن لە یەکەمین فەرمانی خوای گەورە و سەرەکیترین یاسای هەستانەوە و بنچینەییترین پێشمەرجی دابینبوونی ژیانێکی مرۆڤانە، بێگومان جگە ناخۆشی و تاریکی و دواکەوتن و ژێردەستەیی و ئازار و سوکایەتی و بێپێزی، پێشبینی هیچی لێناکرێت! ئەمە یاسایەکی خوایی و سیستمێکی گەردوونی و بەڵگەنەویستێکی مێژوویە و هیچ نکۆڵی و گومانێک مەڵناگرێت)[1].

جا ئێمە لە نێوان دوو شت داین، سێیەمیانی نییە، یان ئەوەتا ناخوێنینەوەو کەسێکی ناهۆشیار و بێ ئاگا ئەبین لە زۆر شت، لە دین و مێژوو و واقیع دەبینە پاشکۆی هەمووان هەر دەبێ ژێردەستە و ژێر چەپۆکی نەیارانمان بین، یان ئەوەتا دەخوێنینەوەو بە عیزەت و بەکەرامەت دەبین، هۆشیار و بەئاگا دەبین، دەبینە ژمارە لە کۆمەڵگەی خۆمان هاوشانی گەورە پیاوان هەنگاو دەنێین، دەبینە مایەی هێنانی خێرو خۆشی بۆ کۆمەڵگەکەشمان ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێت.

[1] وەرگیراوە لە کتێبی بۆچی هاتووین.

گەر نەخوێنینەوە

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، لەسەرەتای بوون و وجوودمان تێ ناگەین، نازانین لە کوێوە هاتووین، پەی بەو گەردوونە گەورەیە نابەین.

گەر نەخوێنینەوە، نازانین سەرەتای بەشەریەت چۆن بووە مرۆڤایەتی چۆن گەشتووە بەم ئاستە چۆن چۆنین گەشەمان کردووە.

گەر نەخوێنینەوە، نازانین گەلانی ڕابردوو چۆن چۆنین ژیانیان کردووە ئەو گەلانە کێ بوونە لە کوێ نیشتە جێ بوونە هۆکاری لە ناو چوون و نەمانیان چی بووەو ئەمانەو چەندەها زانیاری دیکە کە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە دەستمان دەکەوێت.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، ناتوانین شارەزا ببین لەو ئاین و ئایدۆلۆژیایەی بڕوامان پێیەتی، ناتوانین دواتریش قەناعەت بە کەسانی نەیار یان کەسانی بەرامبەر بکەین، بۆیە زۆریش پێویستە کە بخوێنینەوە.

گەر نەخوێنینەوە، خودای خۆمان دروستکەرەکەمان بەباشی ناناسین، نازانین داوای چیمان لێ دەکات و ماف وئەرکەکانی نازانین و نازانین بە باشی لەگەڵ ناو وسیفەتە بەرزەکانی هەڵسووکەوت بکەین.

گەر نەخوێنینەوە، شارەزای دینەکەمان نابین، دواتریش ناتوانین بانگەوازی بۆ بکەین و ناتوانین بەرامبەر نەیارانی دینەکەمان بوەستینەوە، ناتوانین لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا وەڵامی گومان و شوبهەکانیان بدەینەوە، ئەو کات لەوانەیە چەندەها گومان بڵاو بکەنەوەو چەندەها کەس پێی کاریگەر بێت و لە خشتەی بەرن.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، چۆن ژیانی مامۆستاکەمان ڕێبەر و ڕێنیشاندەرەکەمان محمد ﷺ بزانین، گەر نەخوێنینەوە چۆن دەزانین کە چەندە قوربانی داوە، لە پێناو گەیاندنی ئەم پەیامە چەندە دەربەدەر کراوە، ئەوەی ناڕەحەتی و ئەزیەت بێت چەشتوویەتی، ئەوەی بەخەیاڵی نەوەی ئادەم نایات بەسەر ئەو هێنراوە هەر دەبێ بخوێنینەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیانە بزانین.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن ژیانی ئەبوبەکری صدیق بزانین چۆن دڵسۆزی و فیدایی و خۆ یەکلای کردنەوەی لە پێناو دین بزانین، چۆن دادگەری و ئازایی فاروق بزانین چۆن شەرم و حەیاو بەخششی بێ وچانی عوثمانی کوری عفان بزانین، چۆن تێکۆشان و چاونەترسی و غیرەتی ئیمامی علی بزانین.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، چۆن ژیانی ئەو نەوە ناوازەیە بزانین چۆن هاوەڵە بەڕێزەکان دەناسین، بە چ شێوازێک ئەو هەموو قوربانی و شەو نخوونی و دەربەدەریەیان لە پێناو ئەم پەیامەدا بینیووە.

گەر نەخوێنەوە، چۆن نمونەییترین و جوانترین و باشترین کۆمەڵگە لە مێژووی مرۆڤایەتی بناسینەوە، وە ناسینەوەی ئازاترین و بەڕەوشترین مرۆڤەکان و بەسۆزترین و دڵسۆزترین کەسەکان کە لە کۆمەڵگەی پێغەمبەری خودا بوونە ﷺ، کە هەموو قوربانییەکیان داوە بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە هەموو مرۆڤایەتی بگەیەنن، بۆ ئەوەی هەموو جیهان رزگار بکەن لە بەندایەتی بەندەکان بۆ بەندایەتی خودا، ئەو نەوە ناوازەی ئەو هەموو شەهیدەیان دا تا ئێمە بچینە بەهەشتەوە، جێی خۆیەتی زۆرمان خۆش بوێت و هەردەم نزایان بۆ بکەین.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، مێژووی خۆمان نازانین نە مێژووی ئاینەکەمان نەمێژووی گەلەکەمان نازانین، لە ڕابردوودا ژیان چۆن بووە دونیا چۆن گوزەراوە ئەو هەموو ڕووداوەی ڕووی داوە ئاگامان لێ نییە ئەو هەموو هۆکاری سەرکەوتن و شکستانە نازانین، نازانین هۆکاری شکستی شارستانییەتەکان و پووکانەوەیان چییە ئەو کات نازانین چۆن مێژوو بەکار بهێنین و پەندی لێ وەربگرین و بۆ ژیانی ئەمڕۆمان بە کاری بهێنین.

نازانین ئەو هەڵانەی کە ڕووی داوە لە ژیانی تاک یان سەرکردە یان سوپا یان دەوڵەت چین چۆن ڕووی داوە بۆ ئەوەی ئێمەش بەو قۆناغە نەڕۆین، بۆیە ئەمانە لە ئەنجامی خوێندنەوە بەدەست دێت.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن مێژووی سەدە تاریکییەکانی ئەورووپا بزانین، چۆن درندەی دادگاکانی پشکنین بزانین، چۆن ستەم و چەوسانەوەی کڵێسا بزانین، چیان لە مرۆڤەکانی ئەو کاتە کردووە بە ناوی ئاینەوە چۆن مرۆڤیان گەوجاندووە، بە ڕادەیەکیش بەهەشت و جەهەنەم بفرۆشن، هەر ئەم ستەمەی کلێسا هۆکار بوو بۆ شۆڕشی فەڕەنسی و پاشان هۆکار بووە بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

ئێمە کە ناخوێنینەوە وا ئەزانین لە ڕابردووشدا موسڵمان هەروا بووەو خاوەنی هیچ داهێنانێک نەبووە بەڵام بەپێچەوانەوە خاوەنی زۆر شت بووە، لەوانە جارێکیان خەلیفەی عباسی هارونە ڕشید بەدیاری سەعاتێکی نارد بۆ (شارلەمان)ی پادشای فرنسا و نیوەی ئەورووپا،

کاتژمێرێکی ئاوی بوو بە ئاو ئیشی دەکرد بە شێوەیەک عەقڵی خەڵکی ڕۆژئاوای ڕاکێشابوو تەنانەت وایان دەزانی ئەمە سیحرە یان جنۆکەی تێدایە.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن مێژووی خوێناوی ئەندەلووس بزانین، ئەو شارە بێ نازە، ئەو شارە شارستانییە ئەو شارەی لە لوتکەی پێشکەوتن بوو جێگای مەعریفە و زانست بووە، بەڵام بەدەستی کریستیانەکان چی لێ هات، هەموو موسڵمانانیان کۆمەڵکوژ کرد، یان ڕایان دەکرد و وڵاتیان جێ دەهێشت یان دەبوو بچنە سەر ئایینی ئەوا، بەڕاستی ئەوەی مێژووی ئەندەلووس بخوێنێتەوە

ناتوانێت نەگرێت و فرمێسک نەڕێژێت بۆ ئەو وڵاتە بێ نازە، چی بەسەرهات بەدەست ئەو مەسیحییانەوە.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن مێژووی خوێناوی و دڕندەی ڕۆژئاواییەکان بزانین، کە چیان لە وڵاتمان کردووە، چۆن خاک ونیشتمانمانیان داگیر کردووە چۆن خێرو بێری سەر زەوی وژێر زەویان بۆ خۆیان بردووە چۆن دووبەرەکی و مل ملانێیان لە نێوانماندا دروستکردوەو هەموومانیان کردووە بە دووژمنی یەکتری.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن دڕندەیی ئەمریکی و فەڕەنسی و ڕووسییەکان بزانین چۆن بزانین ئەمریکا چی لە وڵاتانی موسوڵمانان کردووە، کاتێ هاتوون داگیریان کردووە، ئەمریکای مرۆڤدۆست چۆن چەکی قەدەغەکراوی لە ڤێتنام بەکارهێناوە، چی لە ئەفغانستان وعێراق نەکرد بە ناوی تیرۆر؟!

گەر نەخوێنینەوە، چۆن دووژمن و دۆستی خۆمان بناسینەوە، گەر نەخوێنینەوە چۆن دەزانین ئەو وڵاتانە کێن کە ئێمەیان کردە چوار پارچەو ئێمەیان خستە ژێر دەستی وڵاتانی بێگانەو دواتریش فرمێسکی تیمساحییان بۆ دەڕشتین.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن دووژمنانی دەرەکی دەناسین، یان چۆن دووژمنانی ناو خۆی خۆمان بناسین، چۆن خیانەتکاران بناسین کە خیانەتیان لە وڵاتانی خۆیان کردووە.

گەر نەخوێنینەوە، نازانین کێ ڕێگەی خۆش کرد بۆ هاتنی مەغۆل بۆ بەغداد ئەو خۆ فرۆش و دین فرۆشانە چۆن بناسین.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن دڕندەی سوپای مەغۆل بزانین چیان لە وڵاتانی موسڵمانان کرد، دەچوونە هەر شوێنێک دەستیان نەدەپاراست لە کوشتنی مرۆڤەکان، سوپایەکی بێ بەزەیی و دوور هەستی مرۆڤایەتی بەربوونە شارستانیەتی موسڵمانان، پاشان زۆربەی وڵاتانیان داگیر کرد بەهۆی خیانەتکار و خۆ فرۆشی ناوەوە، دواتر هێزە نەبەرد و ئازاکانی مەمالیکەکان تێکیان دەشکێنن.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن مێژووی پڕ لە شکۆ و شانازی باپیرە صەلاحەدینمان بزانین بەو پەڕی ئازایی و زیرەکی و لێ هاتوویەوە قودسی رزگار کرد لە ژێر دەستی خاچ پەرستان و مصر پاک دەکاتەوە لە فاتمییەکان.

چۆن مێژووی گەنجێکی زیرەک و ئازای وەکوو (محمد فاتیح) بزانین کە فەتحی (قوسطنطینیە) دەکات چۆن مێژووی شێرێکی وەکوو (طارق کوری زیاد) بزانین،

چۆن مێژووی (قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی) بزانین کە جزیەی لە وڵاتی چین سەندووە.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن هۆکاری رووخاندنی خەلافەتی عەباسی و ئەمەوی و عوسمانی بزانین، چۆن پەند لە کەوتنی ئەوانە وەربگرین و دووبارە ئوممەتی ئیسلام بەو هەڵەیەدا نەچێت.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، چۆن ژیانی پیاو چاکان و زاناکان و کەڵە پیاوەکان بزانین چۆن ژیانی سەرکردە مەزنەکانمان بزانین، چۆن بزانین کە شەو و ڕۆژ هەوڵیان داوە لە پێناوی سەرکەوتن، چۆن بە پێ یان بە سواری شارو وڵاتیان بڕیوە لە پێناوی فێربوون، چۆن بە هەژاری ژیاون بەڵام بەعیزەت بوونە.

گەر نەخوێنینەوە، چۆن ئەو هەموو گرووپ و تاقمانەی لە کۆمەڵگەی موسڵمانان دروست بوو بوون بیان ناسین و ڕاست و ناڕاستیان لەیەک جیا بکەینەوە، چۆن ڕافیزە، موعتەزیلە، مورجئە، خوارج، قدریە. جبریە، ئەشاعیرە، ماتۆریدیە هتد.... بناسین.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە، چۆن چۆنین خۆمان پەروەردە بکەین، چۆن بتوانین بە جوانترین شێوە هەڵسوو کەوت بکەین، چۆن بتوانین منداڵەکامان بە جوانی

پەروەردە بکەین جیاواز بین لەخەڵکی، بەچ شێوازێک بتوانین خێزان و خزم و کەسوکارمان پەروەردە بکەین، چۆن سوود بەدەوروبەرمان بگەیەنین.

ئێمە گەر نەخوێنینەو چۆن بزانین ڕەفتارە ناشیرنەکان لە خۆمان لا بدەین لە جیاتی ئەوەدا ڕەفتار و ئاکاری باش بچێنین و بەها باڵاکان لە خۆمان بەرجەستە بکەین.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە چۆن تەزکیەی نەفسی خۆمان بکەین، چۆن خۆمان پارسەنگ و هاوسەنگ بکەین، چۆن خۆمان بە ڕەوشتی جوان برازێنینەوە.

ئێمە گەر نەخوێنینەوە چۆن دەتوانین لە سیاسەت و جموجوڵەکانی دەوروبەرمان تێ بگەین، چۆن خوێندنەوەمان بۆ ڕووداوەکان هەبێ، گەر مێژووی وڵاتانی داگیرکەر بزانین دەزانین کێ دۆستمانەو کێ دووژمنمانە کێ خۆشمانی دەوێت و خەم خۆری ئێمەیە، دەزانین کێ بۆ بەرژەوەندی گیرفانی خۆی لەگەڵمانە.

گەر بخوێنینەوە دەزانین چۆن بەرنامە بۆ ژیانمان دابنەین، دەتوانین خۆمان دوور بگرین لە کێشەو گرفتەکانی ڕۆژگار، دەتوانین جیاواز بین لە کەسانی دەوروبەرمان تەنانەت لەسیما و جلوبەرگ و لە ئەتەکیەتی گوفتار و ڕەفتار جیاواز دەبین لە کەسانی دیکە.

بەڕاستی گۆڕانکاری بەکەسی خۆیندەر دەکرێت، هەر ئەوانن پێشەنگی گۆڕانکارین، هەر ئەوانن دواتر وڵات بەرێوە دەبەن، هەر ئەوانن لە سیاسەت هەتا بچوکترین پۆست بەڕێوە دەبەن بۆیە ئەمەیە گرنگی خوێندنەوە.

گەر نەخوێنینەوە چۆن فکرو ئایدیا و بیروو بۆچوونە خێچ وخوارەکان بناسینەوە چۆن چۆنین بتوانین وەڵامی گومان و شوبهەکانیان بدەینەوە، چۆن چۆنین لە ڕووبەڕووی عەلەمانیەت و دژە ئیسلامەکان بووەستینەوە.

گەر نەخوێنینەوە چۆن دەتوانین بەرگری لە بەرنامەو پەیامی خودا بکەین،چۆن لە شەرعی خودا حاڵی دەبین چۆن حەڵاڵ و حەرام دەناسینەوە.

گەر نەخوێنینەوە سوود لەتەمەن و گەنیجییەتی و کاتە بەتاڵەکان و لەش ساغیمان نابینین دواتر خودا لێپرسینەوەمان لێ دەکات دەربارەی ئەو نیعمەتانەی پێمانی بەخشیوە لەچیدا بەسەرمان بردووە.

بخوێننەوە تاوەکوو بەسەر هەموو کۆسپ و بەربەستەکانی ژیان سەرکەوتوو بن، بخوێننەوە بۆ ئەوەی لە کاروانی زانست و پێشکەوتن و داهێنان دوا نەکەوون.

بخوێننەوە تاوەکوو دەبن بە سەرداری مرۆڤایەتی، ئێوە دەبنە پێشەنگ و ڕابەری هەموو دونیا، بخوێننەوە بۆ ئەوەی ڕەوشت و کولتووری ئیسلام دەگەیەنن بە هەموو جیهان.

بخوێننەوە چونکە لە غیابی ئێوەی موسڵمان هەرچی بوودەڵەو سەرسەری هەیە فەساد و خراپەکاری لەسەر زەوی دەنێتەوە ،تۆوی ڕق و بوغز و دووبەرەکی دەچێنن لەسەر زەوی.

گەر نەخوێنینەوە، نازانین چۆن ڕووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە نازانین چۆن بەشێوازێکی حەکیمانە چارەسەری کێشەکانمان بکەین.

لە کۆتایدا گەر نەخوێنینەوە و زانیاری بەدەست نەهێنین چۆن بانگەواز بۆ پەیامی خودا بکەین. .

چی بخوێنینەوە

چی بخوێنینەوەو لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

بەڕاستی ئەمە زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر ڕەچاوی ئەم پلە بەندییە نەکەین زۆر جار بەرەو لادان و هەڵدێرمان دەبات، زۆر کەس هەیە گیرۆدەی ئەمەیە نازانێت چۆن دەست بە خوێندنەوە بکات یان لە کوێوە دەست پێ بکات.

ئەمە ڕای خۆمە بێگوومان بێ کەم وکوڕیش نییە:

بۆ کەسانی موسڵمان یەکەمجار پێویست دەکات فێری بیروو باوەڕێکی ڕاست ودروست بین، دوور لە زیادەڕەوی و شلەوی، خودای خۆیان بناسن بە جوانی هەموو سیفەتەکانی بە تێڕو تەسەلی بە وردی لێی ڕامێنن لە ژیانی خۆیان بەرجەستەی بکەن، سەرەتای خوێندنەوە بە ناسینی دروستکەرەکەمان دەست پێ بکەین، چوون لە مێژوودا زۆر گروپ و دەستە هەبوون لاڕێ بوون لایان داوە لە حەقیقەت، تێکەڵ و پێکەڵ بوونە لە ڕێگەی ڕاست و ناسینی خودا، گەر بێت و ئێمەش بە باشی خودا نەناسین تووشی هەمان شت دەبین، بۆیە ئەهلی سوننەت وجماعەت هاوسەنگیەکیان ڕاگرتووە لە پەیڕەو کردنی دین، بۆیە بۆ ناسنی بیرو باوەڕی خۆمان پێوستە سوود لە ئەوان ببینین و شوێنیان بکەوین[1].

[1] هەرچەندە پێم وایە مرۆڤ دەبێ بابەتی بیرو باوەڕلای مامۆستایەکی چاک و باش بخوێنت ئاوا باشتر

پاشان دوای زانینی بیروباوەڕ، ناسینی پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر پێوستە، چوون ئەو رەسـوڵی خـودایە، خـودا ئەوی هەڵبژاردووە پەیـامەکەی لە ڕێـگەی ئەوەوە ناردووە ناکرێ نەیناسین قورئانی پێ تەشریف کراوە، ئەو کۆتا پێغەمبەرە، بۆیە ئەو مامۆستا و پێشـەوای ئێمەیە و سـەرکردەمانە لە هەموو شـتێکی ژین ودین، باشترینە بۆ ئەوەی چاوی لێ بکەین، بۆ هەموو شـتێک دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو، بـزانین ئەو چـۆنی کـردووە چی فەرموە دەبێ بە ورد ودرشـتی ژیـانی بـزانین، چوون لە ڕۆژانەی ژیانمان پێویستمانە، بۆیە ئیقتیدا بەو دەکەین چوون خودا پاراستوویەتی و بە وەحی ئاڕاستەی کردووە، لە هەموو بوارێکدا سـەیر دەکەین ئەو لە لوتکەیە پێشنگە بۆ ئێمە بۆیە چارمان نییە هەر دەبێ سـەیری ژیاننامە و ڕەفتاری ئەو بکەین.

کتێبی زۆریـش نووسـراوە لە سـەر ژیاننـامەی هەر لە کوردی و عەرەبی و هەر لە وەسـفی بیانییەکان بـۆی، بـۆ کوردییەکان ئەگەر بتەوێت زۆر بەوردی و بەباشی بزانیـت ئەوە کتێبی (د.علی محمـد صـلابی) هەیە لەگەڵ ئەوەی م.محمـد فـائیق شـارەزووری ئەمـانە لە کوردییەکان لەو پەڕی باشـیدان هەروەهـا گـوڵاوی سـەر مۆڕیش هەیە ئەوەش زۆر باشە.

فێر دەبێت وتێ دەگات جو انتر خودا دەناسێت بەڵام لە نەبوونی ئەوە پەنا ببات بەرکتێب.

پاشـان خوێنـدنەوەی ئەو کتێبـانەی لە بـواری پەروەردەی دەروونـدایە واتـا تەزکیەی نەفس ئەم لایەنە هەردەم دەبێ ئاگات لێ بێ بە وردی دەبێ چاودێری بکەی، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانت پێویستت پێیەتی، ساتێ نییە بێ پێویست بیت لێی، هەر لەگەڵ ناسینی خوداشدا،پێویستە کتێب لە بواری گەش و نەش و نمای دڵ و دەروون بخوێنین، چونکە ڕووبەڕوی دوژمنی دێرینمان کە شەیتانە دەبینەوە، پیـاو چاکـانی ئـێمە دەڵـێن کەسـی وا هەبـووە پەنجـا سـاڵ خەریکی تەزکیەی نەفسـی خـۆی بـووە، ئەم تەزکیە توێشـووی ڕێگایە، ڕۆشـن کەرەوەی قیامەتمـانە، سـەرنج بـدە، مـرۆڤ چەنـێ کـردەوەی چـاکی کردبـێ، چەن نـوێژی کردبێ چەن خێر و خێراتی کردبێ، ئەگەر لەبەرخودا نەبێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەت دەبێتە پەشـیمانی و داخ بـۆی، دەبێ هەر هـاوارو واوەیلای بێ بـۆی ئەدرێتەوە نـاو چـاوی ئەم شـتانە تەزکیەی پێویسـتە، یـان ئەو نەخۆشـیانەی ڕوو لە دڵ دەکەن وەکـوو کیبر و عوجـب و سسـتی و لاوازی هتـد.... ئەمـانە هەمـووی پێویسـتی بە تەزکـیەی نەفسـمان هەیە، بەبـێ بـوونی ئەم لایەنە چێـڕ لە خـودا پەرەسـتیش نابینین.

پاشـان خوێنـدنەوەی مێژووی ئیسـلامی بـۆ زانینی هەمـوو ئەو ڕووداوانەی کە لە ماوەی چـواردە سـەدەیە ڕووی داوە، هەر لە مێژووی چـوار خەلیفەکەی ئیسـلام و دەوڵەتـی ئەمەوی وعەباسـی و عوسـمانی و دروسـت بـوونی دەیەهـا دەوڵەتـی

دیکە، زانینی هەموو ئەو سەرکەوتن و شکستانەی لەو ماوەیە ڕووی داوە چوون موسڵمان مێژووی خۆی نەناسێت خۆیشی ناناسێت و دووژمنانی خۆشی ناناسێت، دووژمنانی ئیسلام بەهەموو شێوازێک هەوڵی شێواندنی مێژوویان داوە، چەواشەکارییەکی زۆریان کردووە بەتایبەتی ڕۆژهەڵات ناسان و شیعەکان دەبێ وریایان بین، لە خوێندنەوەی مێژوودا دەس بۆ سەرچاوەی زۆر باش ببەین ئەوانەی جێی باوەڕن هەیە لای موسڵمانان نەک بڕۆین کتێبی هەموو کەسێ بخوێنینەوە دواتر سەرمان لە گومڕای دەر دەچێت.

لە پاڵ خوێندنی مێژووی ئیسلام، مێژووی نەتەوی خۆتیش زۆر پێویستە، ئێمەش وەکوو کورد پێویستە مێژووی خۆمان بزانین هەر لە سەرەتاوە تاوەکوو ئێستا، لەکوێ بووین پێشتر، بەرەو کوێ هاتووین دەوڵەتمان هەبووە یان نا سنورەکەی کوێ بووە ئەو هەموو میرنشینانە بناسین کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامی بوون، پاشان مێژووی شۆرشە کوردییەکان بەتایبەت ئەم سەدەی کۆتای کە خەباتێکی بێ ووچان کراوە بۆ سەربەخۆیی بۆیە ئەو هەموو شتانە پێویستە بۆ ئەوەی زیاتر دونیا بینیت فراوان بێت.

پاشان بۆ پەروەردە بوونی خۆمان لە ڕووی ئاکارو ڕەفتارەوە لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز پەروەردەبین لە گوفتارو کردارمان، لەڕاستیدا لایەنی پەروەردەیی گرنگە و بابەتێکی زۆر

پێویستە، پێغەمبەری خودایش ﷺ زۆر جەختی لەسەر کردووەتەوە چەنەها فەرمودەی هەیە لەولایەنەوە، لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ: (ما من شيئ أثقل في الميزان من حسن الخلق) واتە: هیچ شتێک بەهێندەی ڕەوشت جوانی قورس نییە لە تەرازووەدا لە ڕۆژی دوایی..

پاشان دەفەرموێ: من نێردراوم بۆ تەواوکردن و کامڵ کردنی بەها باڵاکان.

دەبێ ئەوە بزانین ئیمە با زۆر دیندار بین ئەوە لەنێوان خۆمان و خودایە، بەڵام ڕەوشت جوانی لەگەڵ خەڵکدایە، بۆیە پێویستە لە لوتکەی ڕەوشت جوانی بین، دەبێ پێشەنگ بین نموونە بین بۆ هەموو کەسانی دەوروبەرمان.

پاشان خوێندنی ئەو کتێبانەی دەربارەی هزری ئیسلامی دەدوێن ئەم کتێبانە دوای بڕینی قۆناغێک لە خوێندنەوە ئینجا بخوێنرێن چوون ئاستێکی قورستر، خۆم بینیوومە ئەو کەسانەی هزری ئیسلامی دەخوێننەوە زۆر زیرەکتر و شارەزاترن لە هزری بەرامبەر، کەسانی زۆر لێ هاتوون بەرامبەرەکانیان ناتوانن بیان بەزێنن، خاوەن دنیا بینی خۆیانن، بۆیە بەڕاستی هزری ئیسلامی زۆر پێویستە پێت دەگەیەنێت، گەورەت دەکات، دەتوانی بەرامبەر نەیارانت بووەستیتەوە، وەڵامی بیرووبۆچوونە پوچەکانیان بدەیتەوە، گەورەیی ئیسلام و بەهێزی ئیسلامت زیاتر بۆ دەردەکەوێت، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەدا خوێندنی

هـزری ئیسـلامی بـووەتە شـتێکی حەتمی هەر دەبێ تـاکی موسـڵمان شـارەزایەکی چاکی هەبێ بۆ ئەوەی نە کەوێتە ناو داوی عەلەمانییەکان و هاوبیرەکانیان.

لە دوای خۆ پەروەردە کردنێکی چاک لەو هەموو لایەنانەوە بەجوانی بە تۆکمەی ترسی ئەوەی نەبوو بکەوێتە ناو گومان و فێڵ وتەڵەکەی شـەیتان ئەتوانێت پەل بهاوێژیت بۆ کتێبەکانی دیکە.

هەروەها مرۆڤی موسڵمان نابێ بێ ئاگا بێ لە سیاسـەت و واقیع، نابێ دەبەنگ بێ، نـابێ نەزانـێ کـێ بەڕێـوەی دەبـات و تەحکـومی پـێ دەکـات، نـابێ نـامۆ بـێ بەدەستەواژەکانی ڕۆژگاری مۆدێرنە.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بزانیت کێشـەی ئەو ڕۆژگارەی تۆی تێدایە چییە، یان لەو کۆمەڵگەی تێیدا ژیان دەگوزەرێنی کێشـەی چییە، هەوڵ بدەی خـۆت شارەزا بکەیت وچارەسـەری بۆ بدۆزیتەوە.

بـۆ نمـوونە ڕۆژگارێـک کێشـەی خەڵـک ئیلحـاد و بێ بـاوەڕی بـوو، بـاو بـوو لەنـاو گەنجان خەڵکی پۆزی پێوە لێ ئەدا، هەرچەندە زیاتر لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتی باو بوو بۆیە خۆ تۆ هەردەبێ شارەزاییەکی چاکت تێدا هەبێت و جوابی نەیارانی پێ بدەیتەوە.

یان عەلەمانییەت کە بێ ڕۆژگارەیە، جێگەی هوبەڵی گرتووەتەوە بووەتە خودای خەڵک، مەردم بە پێی تەعلیماتی ئەو بەڕێوە دەچێت لە فەرمانی ئەو دەرناچێت، ئێستا هەموو دونیا دابەشی دووبەرە بووە یان سەرمایە داری یان کۆمەنیستی، بۆیە وڵاتانی موسڵمانیش بێ بەش نییە لەم جۆرە افکارانە جێگەی شەرعی خودای گرتووەتەوە حاکم و دەسەڵاتە بە کرێ گیراوەکانی وڵاتانی موسڵمان زەلیل کەوتنە لەبەردەست ڕۆژئاوادا هزری ئاوا نامۆ بەسەر گەلەکانیان جێ بەجێ دەکەن، ئەی خۆ هەر دەبێ ئێمە خۆمان ئەم هزر و ئایدیانە باش بناسین و لە ڕەگ و ریشەوە هەڵی تەکێنین.

هەروەها بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری گشتیمان زیاتر بێت و ڕووداوەکان ببەستینەوە بە یەک دەبێ زانیاریمان لەسەر مێژووی جیهان هەبێت، دەبێ جوگرافیای وڵاتان بزانین، کۆمەڵێ بابەتی دیکەش کە ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی زانیاری گشتیمان دەست کەوێت.

هەروەها ڕۆمانی زۆر باش و چاکمان هەیە، دەتوانن سوود لەوانە ببینن، کە لایەنی ئەدەبیمان بە هێز دەکەن وجار جاریش پشویەک بەمێشکمان دەدەن.

هەروەها دوای دامەزراوەی عەقیدەیمان دەتوانی سوود لە کتێبەکانی فەلسەفەش ببینین چوون کتێبانی ئەوانیش بێ بەش نییە لە سوود و زانیاری وحیکمەت و شتی بەنرخ.

بـــابەتی هەمە جۆریشـــمان هەیە بە گـــوێرەی پێداویســـتی و حەزی کەســـەکە دەتوانێـت ســودیان لێ ببینێـت هەر لە بـواری کۆمەڵناسـی و دەروون ناسـی و جوگرافیا و هتد ..

شـتێکی پێویسـت و گـرنگیش ئەوەیە بزانی خـودی خـۆت کێشـەت لە چیـدا هەیە دەسـت بـۆ چارەسـەری ئەوانە ببەیت، یـان بزانیت چیت پێویسـتە خەریکی ئەوە ببـین بـۆ نمـوونە: تـۆ کێشـەی تەزکـیەی نەفسـت هەیە دەتـوانی بـڕۆی خـۆت بخوێنیتەوەو چارەسـەری بکەیت، یان باوکی یان دایکیت ئەوە دەبێ خۆت شارەزا بکەیت لە پەروەردە کردنی منداڵ، یان تازە دەچیتە ناو ژیانی هاوسـەرگیری دەبێ هەردوولا هەوڵ بدەن لە یەکتری تێ بگەن بخوێننەوە گوێ بگرن.

چی نەخوێنینەوە

کات بەڵای مرۆڤی ئیماندار و خوێنەر زۆر گرنگە، دەبێ بزانێت لە چیدا سەرفی دەکات، نابێ بڕوات هەموو کتێبێک بخوێنێتەوە، دەست بۆ هەموو شتێک بەرێت، چوون مرۆڤ گەر بە پلان نەخوێنێتەوە یان بە پێی پێداویستی خۆی نەخوێنێتەوە دوایی سەر گەردان دەبێت، ڕێژەی کتێبەکان ئەوەندە زۆرە مرۆڤ هەزاران ساڵ تەمەن بکات فریای خوێندنەوەیان ناکەوێت، بۆیە هەر دەبێ بزانێت چی بخوێنێتەوە.

زۆرێک لە خوێنەران لەسەرەتای خوێندنەوەیان خوو دەگرن بە کۆمەڵە کتێبێک کە سوودێکی ئەوتۆی نییە بۆیان، خوو دەگرن بە خوێندنەوەی ڕۆمان کە هەموو وزە و توانایان لەوەدا سەرف دەکەن،

کۆمەڵێک نووسەرمان هەیە کتێمەکانیان ڕووخێنەرن نەک بنیادنەر، بێ ئومێدت دەکەن، ڕەشبینت دەکەن نەک گەش بین، وا لە مرۆڤ دەکەن لە دونیای فەنتازیایە (خەیاڵدا) بخولێتەوە نەی هێنێتە دونیای واقیع، زۆر جار مرۆڤی ڕووخاو دروست دەکەن، مرۆڤانێک کە هیچ سوودیان بۆ کۆمەڵگە و خەڵک نییە، وا لە خوێنەر دەکەن یاخی بێ لە هەموو شتێ، لە خودا لە دایەو

بـاب لە کـۆمەڵگە و لە بەهـا باڵاکـان لە هەمـوو ڕەوشـتێک بەنـاوی ڕۆشـنبیرو کرانەوەو ئازادییەوە جێی خۆیەتی وریابین لەم جۆرە نوسـەر و کتێبانە.

هەروەها وریای ئەو کتێبە فەلسەفانەیش بین کە نووسـەرەکانیان زۆر بەتووندی ڕووبەڕووی ئـاین بـوونەتەوە، بە تـایبەتی ئەو فەیلەسـوفانەی ڕۆژئـاوا کە لە تێڕوانینیـانەوە بـۆ کێشـا، بڕیاریـان بەسـەر هەمـوو ئاینەکـانی دیـکە داوە، ئەو فەیلەسـوفانە خۆیـان لە ژیـانی منداڵیـدا بە قۆنـاغێکی سـەختدا ڕۆیشـتون و پاشـان هەنێ لە نووسـینەکانیان لە کاردانەوە بـوون، زۆر جـاریش وا ئاڕاسـتەی مـرۆڤ دەکەن کە یـاخی بێ وەک و ئـاژەڵ سـەیری کۆمەڵگە و زۆرینـەی خەڵـک بکات.

یەکێکی دیکە لەو هەڵانەی خوێنەر، زۆر جار خوو بە جۆرێک کتێب دەگرێت، و لەو بـازنە تەسـکەی خـۆی دەرناچێت، خـۆی لە چوارچێـوەیەک قەتـیس کـردووە ئامـادەنییە بیر بکاتەوە لە دەرەوەی خـۆی، وا فێر کـراوە وا پەروەردە بـووە بـوێری ئەوەی نیـیە دەسـت بـۆ کتێـب گەلێـک بـبـات کە پێچەوانەی تێڕوانینی ئەون، لە ڕاسـتیدا دەبـێ دوای قۆناغێـک لـە خوێنـدنەوە هەنگـاوی گەورە بنەیـت بەرەو پێشەوە، پاشـان بەرەو ئاستێکی بەرزتر بڕۆیت.

چەند سەرنجێک

١- ئێمە لە پێشوودا زۆر وەسفی خوێنەرو سوودی خوێندنەوەمان کردووە بە شێوازێکی گشتی، واتە بەشێوازێکی گشتی دەڵێین خوێنەر کەسانێکن ژیر و وریان، خاوەنی هەڵوێستن، کۆیلەی کەس نیین ... هتد، بەڵام دەکرێ کەسێ خوێنەر بێت و بخوێنێتیشەوەو بەوجۆرەیش نەبێ، هەیە خوێنەرە بەڵام ئەو سیفەتانەی تێدا نییە بۆیە ئەم نموونانە شازن نابێ ئێمە قیاسی ئەمانە بکەین، هەیە خوێنەرە بووەتە کۆیلەی دەسەڵات و چڵکاو خۆری بەر قاپی سوڵتانەکانە، هەیە خوێنەرە و قسەی حەق ناکات، هەیە خوێندنەوەکەی وای لێ کردووە و دادگەر نەبێت و ستەم بکات، هەیە خوێندنەوەکەی وای لێ کردووە یاخی بێ لە خوداو هەڵگەڕانەوەی لە داب و نەریتی کۆمەڵگەو پشت کردنی لە دایک و باوکی و بەناوی ئەوەی ئەوان دواکەوتوون زۆر شتی دیکەش.

٢- خاڵێکی دیکەش کەسی وا هەیە لە ژیانیدا نەیخوێندوەتەوە، سەیردەکەین زۆر بلیمەت و زیرەکیشە بەهۆی تەمەن و تەجروبەکەیەوە زۆر شت دەزانێت و بە زۆر شت گەیشتووە، درک بە زۆر شتیش دەکات، بۆیە ئەکرێ کەسانی ئاواش هەبن و لە کەسانی خوێنەر زیرەکترو داناتر بن.

٣- خـاڵێکی دیـکەش زۆر جـار ئەو کەسـانەی دەڵـێن ئـێمە کە کتێبێـک دەخوێنینەوە دواتر لە بیرمان ئەچێت و شتێکی ئەو تۆی ناو کتێبەکەمان لە بیر نامێنێت بـۆیە سـەیر دەکەیت نائومێدی ڕوویـان تێ دەکات، بەڵام لە ڕاسـتیدا وانییە تۆ لەوانەیە لەو ساتەدا شتت بە خەیاڵدا نەیەت، ئەگینا کاتێ دەکەویتە مەوقـفەوە یـان حاڵەتێـک دێـتە پێشـەوە ئەو کـات هەنـێ شـتی نـاو کتێـبەکەت دەکەوێتەوە یاد، بۆیە بە کتێب و دوو کتێبیش مرۆڤ پێ ناگات، دەبێ مەلاوانی بکات لە ناو ئەو دەریا تا دەبێت بە مەلەوان، دوای ماوەیەکی زۆر لە خوێندنەوە ئینجا خـۆت هەسـت بە خـۆت دەکەی گۆڕاویت و زانیاریت لە جاران زیـاتر پێیە، کاتێ شـتێکت دێتە پێش ئەتـوانی بـۆ خـۆت شـیکاری بکەیت، ئەڵێن خوێـندنەوە وەکوو خواردن و گەورە بوونی مرۆڤ وایە، ئێمە چەنێ خواردن دەخۆین هەسـت بە گەورە بـوونی خۆمـان نـاکەین بەڵام دوای مـاوەیەک هەسـت دەکەیـن گەورە بـووینەو گۆڕانکاری بەسـەر جەسـتەمان هـاتووە، حـاڵەتی خوێنـدنەوەش ئـاوایە مرۆڤ هەست ناکات تا دوای مودەتێک نەبێ.

٤- خـاڵێکی دیکەیـش سـوودمەند بـوونە لە ئەزمـوونی کەسـانی دیکە، پـرس وڕا بە کەسـانی گەورە بکەیـن ئەوانەی ئەزمونیـان هەیە لەو بـوارەدا بەڕاسـتی سـوودی چـاکی لێ دەبینـین، چـوون ئەو ئەزمـوونی چەنـدین سـاڵەی خـۆی لە مـاوەیەکی کەمـدا پێـت دەڵێ، ئەو ڕێگە ڕاسـت و چەوتەکانـت بـۆ ڕوون دەکاتەوە چـوون

ئەزموونی کردووە بۆیە لە ڕاستیدا هەر گرنگە و پێویستە بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان.

دوو فەرموودەی خۆشەویستمان ﷺ

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (اِغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْس، شَبَابك قَبْل هَرَمك، وَصِحَّتك قَبْل سَقَمك، وَغِنَاك قَبْل فَقْرك، وَفَرَاغك قَبْل شُغْلك، وَحَيَاتك قَبْل مَوْتك)[1].

واتە: سود لە پێنج شت وەربگرە پێش پێنج شت:

1. گەنجێتیت پێش پیربوونت.
2. لەش ساغیت پێش نەخۆش بوونت.
3. دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت.
4. دەست بەتاڵیت پێش سەر قاڵیت.
5. ژیانت پێش مردنت

سەیری ئەو ئامۆژگارییە ئاڵتوونیە بکەن چەن جوانە چەن پڕ واتاو پڕ مانایە، چۆن بە گوفتارێکی کەم واتایەکی زۆر دەبەخشێت، ئەمەیە بەلاغەت و فەساحەتی سەروەرمان.

یەکەم دەڵێ گەنجیەتیت هەلە، بیقۆزەرەوە پێش ئەوەی پیر بیت، پێش ئەوەی تواناو هێزت نەمێنێ، پێش ئەوەی لاوازی ڕووت تێ بکات، پێش ئەوەی گۆجان

[1] صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) :١٠٧٧.

بگریت بەدەست و پشتت بچەمێتەوە، گەنجیەتیت فرسەتێکی ئاڵتوونییە بیقۆزەرەوە، گەنجیەتی قۆناغێکە لە نێوان دوو لاوازیدایە، تەمەنێکی مام ناوەندییە لوتکەی توانایە، لوتکەی قوەت وهێزە، لوتکەی پڕ تاقەو وزەو چالاکییە، هەر گەنجە دەتوانێ کاری گەورە بکات، چوون چاو نەترسن لە هەر بوارێکدا بڵێی، لەو تەمەنە مرۆڤ بەتوانایە، هەرئەوانن پێشڕەوی هەموو گۆڕانکاری و شۆڕشن، بۆیە حەق وایە ئێمە ئەو تەمەنە بقۆزینەوە دواتر لە پیریدا خەفەت دادمان نادات، تا گەنجی بتوانە نوێژەکانت لە مزگەوت ئەنجام بدە، زیاتر ڕۆژوو و خواپەرەستی و چاکە کاری ئەنجام بدە، یارمەتی خەڵک بدە وبەدەمی خەڵک و دراوسێ و خزم و کەس و کارەوە بچۆ.

دووەم لەش ساغیت پێش نەخۆشی، مرۆڤ گەر نەخۆش کەوت کەمتر توانای پەرستشی هەیە، کەمتر خودا پەرستی دەکات، چوون لاواز دەبێ، ئەو نەخۆشییە کاریگەری لەسەر دەبێت، بۆیە خۆشەویستمان پێمان دەڵێ هەتا دەتوانن کە لەش ساغن پەرستش زیاتر ئەنجام بدەن.

سێیەمیش دەوڵەمەندی پێش هەژاری، ئەم هەلەش بقۆزەرەوە چوون فرسەتە، دەوڵەمەندیش تاقی کردنەوەی خودایە، بۆیە لێی ببەخشەو کەمتەرخەمی لێ مەکە، چوون ئەوە هەر خودا پێتی بەخشیووە، کێ دەڵێ ساتێکی کەمت نەمابێ، وجێی بهێڵی کێ نایێ لەوانەیە لەیەک ناکاودا ئیفلاس بکەیت و هیچ سەرمایەت

نەمێنێ بۆیە لێی ببەخشە و خودا لەخۆت رازی بکە، دڵی هەژار و نەدارەکان خۆش بکە.

چوارەمیش دەست بەتاڵیت پێش ئەوەی سەرقاڵ ببیت، ئای ئەمە چ هەل و فرسەتێکە، ئای چەندین کەس هەیە خەفەت بۆ ڕابردوو دەخوات، خەفەت بۆ ئەو ساتە بەتاڵانە دەخوات کە کاری باشی تێدا ئەنجام نەداوە، تازە ناگەڕێتەوە دووبارە نابێتەوە، بۆیە بەڕاستی نەقۆستنەوەی ئەم ساتە بەتاڵانە خەفەت و حەسرەتی دونیاو قیامەتی بەدوادایە، چەندان کەس دەناسین هەتا گەنج بوو کارو کاسپیی نەبوو کاتی باشی هەبوو، پاشان چووە زانکۆ کاتی کەمتر بووەوە، پاشان دواتر چووە ناو ژیانی هاوسەرگیری بەهۆی ئیش و کارەوە بەتەواوی بێ کات بوو دابڕا لە دەرس ودرووس لە هاوڕێ و کەسانی باش، بۆیە حەیفە کاتی بەتاڵمان هەبێت و بە شتی باش بەسەری نەبەین.

پێنجەمیش ژیانت پێش مردن، تا لە ژیان دای هەلەکان بقۆزەرەوە کاری ئەمڕۆت مەخەرە سبەی، تۆ چووزانی تا سبەی ئەمێنی کێ گرەنتی ئەوەت پێ ئەدات، گەر لەناو تاوانی ڕۆژێ زووتر بگەڕێوە فرسەتەو خودا پێتی داوە، نازانین دوای چەنێکی کە خودا ڕۆحمان لێ دەسێنێت، دوای مردن پەشیمانی دادمان نادات، گەڕانەوە نیە، هەلێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، بۆیە مرۆڤی ژیر ڕۆژێ زووتر دەگەڕێتەوە لای خودا، سەید (رحمه الله) دەڵێ: هەموو مرۆڤێ کە مرد

دەگەڕێتەوە بـۆلای خـودا بەڵام خۆشـبەختی بـۆ ئەو کەسـەی هەر لە دونیـا دەگەڕێتەوە بۆلای خودا.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: (لَا تَزُولُ قَدَمُ اِبن آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ : عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ، وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ). واتە: پێی هیچ کەسێک لە ڕۆژی دوایی لای خـوای گەورە ناجوڵێت تاوەکوو پرسیاری پێنج شتی لێ نەکرێت: لە تەمەنی کە لە چیدا سەرفی کرد، وە لە گەنجیدا کە لە چیدا ماندووی کرد.

دیقـەت بـدەن چەن سـاتێکی هەسـتیارە هەر لە ئێستـاوە جـوابی بـۆ ئامادە بکە، نەوەی ئادەم هەنگاوێک نانات تا وەکوو پرسیاری لێ نەکرێت ئەو تەمەنەی خودا پێتی بەخشی لە چیدا بەسەرت برد، لە پێناوی چیدا سەرفت کرد خۆت بخەرە ئەو واقـیعەوە ، لێپرسـینەوە لە نەفسـی خـۆت بـکە پـێش ئەوەی خـودا لێپرسینەوەت لێ بکات، سەیرێکی خۆت بکە، تەمەنت گەشتووە بەچەند، چەند زەخیرەی قیامەتـت کـۆکردوەتەوە، چەنـدە بـۆ خـودا سـوڵحاوی، چیـت بـۆ سەرخستنی ئەم دینە کردووە، چەن تێکۆشاوی بۆی بەماڵ بێت یان بە نەفس، چەندە شەو نخوونیت کردووە لەپێناو خودا، چەند ناڕەحەت و دڵ گران بوویتە بە سوکایەتی کردن بە موقەدەساتی ئەو دینە، سەیرێکی خۆت بکە بزانە ڕۆژانە بەچییەوە سەرقاڵی، چەندە ئەو دینەت بردووەتە پێشەوە سەیرێکی خۆت بکە بزانە ئەوەندە خەریکی دونیـاو ڕاکە ڕاکەی ئەوەنـدە خەمی فێربـوونی دینەکەت

بووە، ئامادەی سەفەر بکەی بۆ وڵاتان بۆ بازرگانیەکەت بەڵام ڕۆژێ بووە لە کۆڕی زیکر و لەخزمەت زانستخوازاندا دابنیشی، خۆت بپێوە بەم میزانانە بۆیە بەڕاستی ئەمانە هەمووی لێ پرسینەوەی لەسەرە، وانەزانی بە دوو ڕکات نوێژ نەجاتت ئەبێ کە لێشی تێ ناگەی.

دوایی پرسیاری گەنجیت لێ دەکرێ تەماشایەک بکەن خودا خۆ پرسیاری تەمەنت لێ دەکات ئێ خۆ گەنجیش هەر لە ناو تەمەندایە بەڵام دیارە کە ئەم تەمەنە گرنکی خۆی هەیە بۆیە خودا بە جیا باسی دەکات زۆر فەرمودەمان هەیە لەسەر فەزڵی گەنج و لەو تەمەنە پابەند بوون بەدینەوە لەسەرەوە زیاتر باسی گەنجمان کردوە ئەوەندە کیفایەتە لێرە.

لە کۆتاییدا

لە کۆتاییدا دەڵێم خوشک و برایانی ئازیزم هیوادارم بڕیاری جدی بدەن، جدی بن لە دینداری و خودا پەرستی، دەست بە خوێندنەوەوە بگرن، هۆکاری هەستانەوەی هەموو ئوممەتێکە، ئایە تۆ لە خۆت رازیت، ئایە تۆ ئامادەی، ئایە تۆ بوویتەتە ئەو خشتەی کە بۆ دروست کردنی بینایەک پێویستە، هەوڵ بدە ببە بە تاکێکی شاز و ناوازە تۆ ئەندامێکی لە ئوممەتی ئیسلام، تۆ شوێنکەوتووی گەورەترین پەیامی، نابێ کەسێکی سادەو بێ ئامانج بیت، ئامانجی گەورەتان هەبێ خەونی بچووکتان نەبێ با ئاواتەکانتان لە کچێک یان کوڕێک یان مەبلەغێک پارە یان سەیارەو ماڵی جوان کورت هەڵ نەیەت، بەڵکوو با بە ئاواتی ئەوە بژین هەموو مرۆڤایەتی رزگار بکەین، ببنە ئەداتی قەدەری خودا بۆ هەستانەوەی ئوممەتی ئیسلامی، با لە دونیا دەردەچیت جێ دەستت دیار بێت، با بە مردوویش زیندوو بین لە ناو کۆمەڵگە و دڵی خەڵکی.

دونیا هەر ئەڕوات و کات تەواو دەبێ و گەنجێتی نامێنێت، سەربەرزی و سەرفرازی بۆ ئەو کەسە تۆوی چاکە و باشە دەچێنێت، فرسەتەکان لە ژیان دەقۆزێتەوە، خۆی بە بچووک نازانێت لە کونێکی بچووکەوە سەیری ئوممەتی ئیسلامی ناکات ئومێدی باشی هەیە بە خودا.

دڵتـان خـۆش بێـت ڕۆژگـاری ئـێمه ڕۆژگـاری هەسـتانەوەی ئـوممەتی ئیسـلامییه ڕۆژگـاری شـکۆ و بڵنـدییه، لە هەمـوو شـوێنێک خەریـکە سـەر بەرزدەکەیـنەوە ئادەی تۆ چیت ئامادە کردووە، لە خۆت پرسیووە چیت پێیە، ئایە دەتوانی چۆن خـزمەت بکەیـت، ئـایە تـۆ دەتـوانی شـوێنێک و کەلێنـک پـڕ بکەیـتەوە یـان هـیچ بەهرەیەکت نییە، لەو کەسانەی کە بە زیندوویی مردوون.

ئامـان خـودا لێمـان دەپرسـێتەوە لەو کـاتەی کە هەمـان بـوو، چـۆن خزمەتـی دینمـان پـێ کـرد چیمـان کـردووە بـۆ دیـن یـان ئەو تەمەنەمـان هەبـوو لە چیـدا بەسـەرمان بـرد، لە خـۆت بپرسـە پێش ئەوەی بگەیتەوە بە دروسـتکەر و جوابت بۆ ئامادە نەکردبێ.

پێرست

ناسنامەی کتێب ٤

سوپاس و پێزانین ٥

پێشکەشە بە ٦

بۆچی ئەم کتێبەم نووسی ٧

ڕێڕەوێک ١٠

گرنگی خوێندنەوە ١٢

خوێنەر ٢١

سیفەتی ئەو کەسانەی ناخوێننەوە ٢٥

ئوممەتی ئیقرأ ٢٦

بۆچی بخوێنینەوە ٣٤

گەر نەخوێنینەوە ٣٩

چی بخوێنینەوە ٤٩

چی نەخوێنینەوە ٥٧

چەند سەرنجێک ٥٩
دوو فەرموودەی خۆشەویستمان ﷺ ٦٢
لە کۆتاییدا ٦٧
پێرست ٦٩

بخوێننەوە تاوەکوو بەسەر هەموو کۆسپ بەربەستەکانی ژیان سەرکەوتوو بن ، بخوێننەوە بۆ ئەوەی لە کــاروانی زانــست و پێشکــەوتن و داهێنــان دوا نەکــەوون.
بخوێننەوە تاوەکوو دەبن بە سەرداری مرۆڤایەتی، ئێــوە دەبنە پێشەنگ و ڕابەری هەموو دونیا، بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەخلاق و کولتووری ئیسلام دەگەیەنن بە هەموو جیهــان.
بخوێننەوە چونکە لە غیابی ئــێوەی موسڵمــان هــەرچی بودەڵەو سەر سەری هەیە فەساد و خراپەکــاری لەســەر زەوی دەنێتەوە وتۆی رق و بــوخز و دووبەرەکی دەچێنــن لەسەر زەوی.